# سیمای رەخنەی زانستی لە چوارچێوەی ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەییدا نامەی دکتۆرای (رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن) بە نموونە

**ID No.118**

(PP 154 - 185)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.1.9

**رێبین خلیل قادر** **سەردار احمد حسن گەردی**

کۆلێژی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

rebeen.qader@su.edu.krd sardar.hasan@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2021/10/20**

**پەسندکردن : 2021/11/30**

**بڵاوکردنەوە : 2022/02/25**

**پوختە**

رەخنەی زانستیی ئەو رەخنەیەیە کە پشت بە میکانیزم و گریمانە و میتۆدەکانی زانستەکان دەبەستێت و بۆ مەبەستی توێژینەوە و شیکردنەوە و راڤەکردن و لێکدانەوەی تێکستی ئەدەبی بەکاریاندێنێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش چەندین میتۆدی رەخنەیی لەنێو رەخنەی ئەدەبیدا سەریانهەڵدا، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی رەخنەی زانستیی بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر مەسەلەی میتۆدبەندیی لە توێژینەوە و بەکارهێنانی میتۆدی رەخنەیی لە توێژینەوەدا، ئەم هەوڵەش رەخنەی ئەدەبی بەرەو زانستیبوون و بابەتییبوون پەلکێشدەکات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و توێژینەوە لە سیما و ئەدگارەکانی رەخنەی زانستی بەتایبەت لە ئاستی بەکارهێنانی یەك میتۆدی رەخنەییدا لەنێو رەخنەی ئەدەبی ئەکادیمییدا، کە بواری ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی (رەخنەی رەخنە)وە. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی توێژینەوە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلەکان**: رەخنەی زانستی، میتۆدبەندیی، میتۆدەرەخنەییەکان، رەخنەی رەخنە، بونیادگەری فۆرمالیزمی.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیمای رەخنەی زانستی لە چوارچێوەی ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەییدا، نامەی دکتۆرای (رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن) بە نموونە) هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی سیما جیاوازەکانی رەخنەی زانستیی کە پشت بە رەخنەیەکی دامەزراو لەسەر میتۆدبەندی و هەوڵ و تەقەلای زانستییانە و بابەتییانە دەبەستێت لە توێژینەوەی ئەدەبی و رەخنەییدا. هەڵبەت ئەم جۆرە رەخنەیە لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا بوونی هەیە و بە دوو شێوە دەردەکەوێت، یەکێکیان بریتییە لە ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەیی، ئەوی دیکەیان بریتییە لە ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی لە توێژینەوەدا. ئەم توێژینەوەیە ئەوڵێکە بۆ خستنەڕووی سیمای ئەم جۆرە رەخنەیە لە شێوەی یەکەمیدا، کە بریتییە لە ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەیی لە توێژینەوەدا.

### هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

لەنێو ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا لە روانگەی پرەنسیپ و ئەدگار و بنەماکانی رەخنەی رەخنەوە زۆر بە کەمی گرنگی بە توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکانی نێو زانکۆ و ئەوەی پێیدەوترێت رەخنەی ئەکادیمی دراوە و بایەخ و پێگەی ئەم رەخنەیە لەنێو کۆی گشتی پرۆسەی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەتیش لە بواری بەکارهێنان و ئامادەبوونی میتۆدبەندی یان ئامادەنەبوونی میتۆدبەندی لە توێژینەوەدا. ئەمە جگە لەوەی بواری رەخنەی رەخنە لە گوتاری رۆشنبیری و ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا کەمتر دەرگای بەسەردا کراوەتەوە و بایەخی پێدراوە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئێمە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد، بۆئەوەی بتوانین تیشك بخەینە سەر رێڕەوی پرۆسەی رەخنەیی لە نامە ئەکادیمییە زانکۆییەکاندا.

### میتۆدی توێژینەوە:

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدەکەی توێژەری فەرەنسی (جۆهانا ناتالی) وەرگرتووە ، هەنگاوە کردەییەکانی میتۆدەکەی ئەومان بەسەر ئەم دکتۆرانامەیەدا پراکتیزەکردووە، دەشێ میتۆدەکەی ئەم توێژەرە لە هەموو ئەو توێژینەوانەی دەچنە نێو بواری (رەخنەی رەخنە)وە سوودی لێوەربگیرێت و هەوڵەکانی ئەم رەخنەگرە فەرەنسییە لە چەند خاڵێکدا کورتبۆتەوە کە بریتیین لەمانە: ئامانجەکانی توێژینەوە، سەرچاوە بەکارهاتووەکان،کەرەستەی لێتوێژراو(جۆر و تایبەتمەندێتی)، چوارچێوەی میتۆدبەندی و هۆشیاری پراکتیزەکردن، مومارەسەی رەخنەیی (ڕێکخستن، وەسف، میکانیزمەکانی شیکردنەوە و ئاستەکانی و ڕاڤەکردن ). ئێمە لەم توێژینەوەیدا سوودمان لە میتۆدی (جۆهانا ناتالی) وەرگرتووە و هەنگاوە کردەییەکانی میتۆدەکەی ئەومان بەسەر ئەم دکتۆرانامەیەدا پراکتیزەکردووە.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (رەخنەی زانستی و میتۆدبەندی) لە چەند تەوەرەك پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم باسی زاراوە و چەمکی رەخنەی زانستیی کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی رەخنەی زانستی و میتۆدبەندیی لە توێژینەوەدا کراوە. تەوەرەی سێیەم تایبەتە بە پرسی میتۆد و ئامادەبوونی میتۆدی رەخنەیی لە توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکاندا. بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە پراکتیکییە و دەچێتە بواری (رەخنەی رەخنە)وە و لە چەند تەوەرەیەکی سەرەکی پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی هەڵوێستەیەك لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە. لە تەوەرەی دووەمدا باسی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و ئەو هەڵبژاردە میتۆدبەندییەی توێژەر پشتی پێ بەستووە کراوە. لە تەوەرەی سێیەمدا باسی سروشت و تایبەتمەندی و چۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوە پشت پێبەستراوەکانی توێژینەوەکە کراوە و تەوەری چوارەمیش تایبەتە بەو کەرەستە و تێسکتە شیعریيانەی بە نموونە وەرگیراون لە بواری پراکتیکدا. لە تەوەرەی پێنجەمدا چوارچێوەی میتۆدبەندیی توێژینەوەکە و هۆشیاری توێژەر لە مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆدبەندیی لە توێژینەوەکەیدا خراوەتەڕوو لە بواری پراکتیزەکردندا. تەوەرەی شەشەمیش تایبەتە بە مومارەسەی رەخنەیی لەم توێژینەوەیەدا لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا، کە خۆی لە سێ پرۆسەی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتیین لە (ڕێکخستن، وەسف، میکانیزمەکانی وەسف و شیکردنەوە)، ئەم سێ پرۆسەیەش چۆنێتی ئەنجامدانی مومارەسەی رەخنەیی لە توێژینەوەکەدا ڕووندەکاتەوە.

**1-رەخنەی زانستی و میتۆدبەندی**

**1-1: زاراوە و چەمکی رەخنەی زانستی:**

لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، بۆ ئەم جۆرە رەخنەیە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Scientific Criticism) و لە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (La Critique Scientifique)ی بۆ بەکارهاتووە. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (النقد العلمی) بۆ بەکارهاتووە. لە زمانی کوردیشدا، دەشێ بەرامبەر ئەم زاراوانەی سەرەوە (رەخنەی زانستی) بەکاربێنین، کە هەمان واتا و چەمکی زاراوەکانی سەرەوە دەدات. زاراوەکە لە دوو بەش پێکدێت؛ (رەخنە) و (زانست). مەبەست لەو زاراوەیە بریتییە لەو جۆرە رەخنەیەی کە سوود لە زانستە مرۆڤایەتی و سروشتی و پەتی و ئامارییەکان وەردەگرێت و دەیانخاتە خزمەتی توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکان، تا لەم نزیکبوونەوە و سوودوەرگرتنە مێتۆد و ڕێگا و چوارچێوەی کارکردنی رەخنەیی و هەنگاوەکانی پراکتیکی لە پرۆسەی رەخنەی پراکتیکی لە ڕوانگەیەکی زاستی و بابەتی بەگوێرەی ئەو مێتۆدەی بەکاریدێنێت، دەستنیشانبکات و پێڕەویانبکات. بەگوێرەی ئەم زاراوەیە لەنێو کۆی گشتی رەخنەی ئەدەبیدا جۆرێك لە رەخنە هەیە کە سیمایەکی زانستانەی هەیە، بە مانایەکی تر، رەخنەیەکە لەسەر بنەمای میتۆدبەندی کردە رەخنەییەکەی خۆی رەنگڕێژدەکات.

دەشێ بڵێین هەر لە روانگەی زاراوەی رەخنەی زانستییەوە رەخنەی ئەدەبی زانستە و وەك زانستەکانیش مێتۆدی توێژینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەهۆیانەوە تێکستی ئەدەبی شیکردنەوە و راڤە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

ئەم زاراوەیە لە رەخنەی ئەدەبی فەرەنسیدا سەریهەڵداوە و هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی سنور و چوارچێوەی رەخنەی ئەدەبی و زانستە جیاوازەکان و هەنگاوانی رەخنەی ئەدەبی بەرەو گیانی زانستی و مێتۆدبەندی و بابەتیبوون، وردە وردە ئەم زاراوەیەش وەك جۆرێکی رەخنەیی هاودژ بەرامبەر رەخنەی ئینتیباعی و سەرنجگەرایی و خودی و پێوەری سەریهەڵدا و رەخنەگرانی ئەدەبی فەرەنسی ڕۆڵی بەرچاویان لە پەرەپێدان و ڕەگداکووتانی زاراوەی رەخنەی زانستی لەنێو جۆرەکانی رەخنەی ئەدەبیدا هەبوو. چەکەرەکردنی ئەم زاراوەیە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بووە، بەتایبەت لەوکاتەی کۆمەڵێك توێژەر و رەخنەگر و نوسەری فەرەنسی

دەستیانکرد بە توێژینەوەی ئەدەبی جۆراوجۆر و بۆ ئەمەش پەلیان بۆ زانستە جیاوازەکانی وەك (مێژوو و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئەفسانەناسی و فەلسەفە و جوانناسی و زیندەوەرزانی و سروشتی ... هتد) برد، بەمەش جۆرێك لە توێژینەوە هاتەکایەوە کە سیمایەکی زانستی پێوە دیار بوو و سروشتی مامەڵەکردنی لەگەڵ رەخنەی پێش خۆی زۆر جیاوازتربوو، ئەوەتا هەریەکە لە (کارلۆنی و فیللۆ) لە بارەی گۆڕانی شێوازی توێژینەوەکانی (سانت بۆڤ) لە وتارەکانیدا لەبارەی شیعر و شاعیرانەوە دەڵێن: ((شێوازێکی سەربەستانەتر و مەعریفییانەتری گرتەبەر؛ مەیلی بەلای گرتنەبەری هەڵوێستی (زانستی)دا دەچێت و لە هەمان کاتیشدا پێداگیرییە لەسەر پێویستی بوونی بڕیاردان))( J.C. Carloni& Jean C. Filloux: 1966, 31). لێرەوە ڕەگە سەرەتاییەکانی زاراوەی رەخنەی زانستی لەنێو رەخنەی ئەدەبیدا ڕەگی داکوتا و ئەم زاراوە هاتە نێو فەرهەنگی زاراوە رەخنەییەکانی ئەدەبیاتی فرەنسی و رەخنەی نەتەوەکانی تر. ئەم زاراوەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ دەستپێکی کارە رەخنەییەکانی (سانت بۆڤ) و (هیپۆلیت تێن) و (فێردیناند برۆنتییر) و (ڤیڵمان) و (ئێمیل هێنێکین) و (پۆڵ بۆرگێ)ەوە دەرکەوت و لە سەدەی بیستەمدا لەگەڵ نزیکبوونەوەی رەخنەی ئەدەبی لە زمانەوانی نوێ، پانتاییەکانی رەخنەی زانستی فراوانتر بوو و مەودایەکی بەرتەسکتری بۆ رەخنەی خودی و ئینتیباعی هێشتەوە، چونکە ئەوکات مشتومڕی ئەوە سەریهەڵدا کە ئایا دەشێ رەخنە سود لە ئاراستەکانی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و پۆزەتیڤیزمی ئەزموونگەرایی و میتۆدەکانی زانستەکان وەربگرێت و بەهۆیەوە توێژینەوە لە ئەدەب بکات و ئەدەب بخاتە ژێر سێبەری زانست و دۆزینەوە زانستییەکانەوە و ئەمە بۆ سوودی خۆی پەرە پێبدات؛ لەکاتێکدا دوو کایەی لێك جیاواز و دژن، تەنانەت کەرەستەی توێژینەوەشیان جیاوازە؟ چونکە هەریەکە لەو رەخنەگرە فرەنسییانە توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکانیان بەرەو ئاقارێکی تر برد و هەوڵیاندا رەخنەی ئەدەبی لەو سەرنج و ئینتیباع و بڕیارە خودی و ئەو جۆرە رەخنە پێوەرییەی کە چەندین سەدە بوو رەخنەی ئەدەبی تێیکەوتبوو؛ ڕزگاربکەن. ئیتر زاراوەی (رەخنەی زانستی) وەك بەرامبەری و دژیەکی بەرامبەر (رەخنەی پێوەری)ی (ئەرستۆ)یی و (رەخنەی ئینتیباعی) و (رەخنەی خودی) هاتەکایەوە.

ساڵی (1888) (ئێمیل هێنێکین – Emile Henneqin) کتێبێکی تیۆری بەناوی (La Critique Scientifique) نووسیووە و لەوێدا ئەو زاراوەیەی چەسپاند، کتێبەکە تەنیا تیۆرییە و باس لە بۆچوونەکانی ئەم رەخنەگر و فەیلەسوفە فرەنسیە دەکات لەبارەی رەخنەی زانستییەوە و هەوڵیداوە لە پێوەندی نێوان رەخنەی ئەدەبی و زانستەکانی (دەروناسی و کۆمەڵناسی)یەوە بنەما و سنور و سروشت و ئاریشە و کێشە و میکانیزمەکانی رەخنەی زانستی دابڕێژێتەوە (Emile Hennequin: 1888: 25-233). بۆیە هەندێك لە رەخنەگران (هێنێکین) بە تیۆرداڕێژەر و رابەری ئەم جۆرە رەخنەیە دەزانن کە لەدوای ئەوەوە رەخنەی زانستی لە ڕووی تیۆرییەوە هەنگاوێکی بەرزی هاوێشت و کتێبەکەی ئەو بوو بە سەرچاوە و بەرچاوڕوونیەك بۆ ئەوانەی دواتر کە لە رەخنەی پراکتیکدا هەنگاوی بابەتی بە گیانێکی زانستانە و مێتۆدییانە بهاوێژن و لەسەر هەمان ئەو تەرزە بڕۆن کە (هێنێکین) نەك هەر لە بواری تیۆرییەوە بگرە لە بواری پراکتیکیشەوە خەوی پێوە دەبینی؛ کەچی مەرگ ڕێگەی نەدا ئەم خەونەی بێتەدی هەر زوو لە تەمەنی گەنجیدا ماڵئاواییکرد.

هەریەکە لە (کارلۆنی و فیلۆ J.C. Carloni& Jean C. Filloux) لە کتێبەکەیاندا بەناوی (La Critique Litteraire) دا هەمان زاراوەیان بەکارهێناوە و مەبەستان لەم زاراوەیە هەمان ئەو جۆرە رەخنەیەیە کە لە توێژینەوەکانی هەریەکە لە (سانت بۆڤ و هیپۆلیت تێن و فێردیناند برۆنتیێر و ئێمیڵ هێنیکین و پۆڵ بۆرگێ) دا بەکارهاتووە ( J.C.Carloni& Jean C. Filloux: 1966: 27-51). بەو واتایەی توێژینەوەی ئەم نوسەر و رەخنەگرانە سەر بەو تەرزە جیاوازەی رەخنەیە کە وردە وردە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵدا و بەدوای خۆیدا جۆرێك لە توێژینەوەی رەخنەیی هێنایە کایەوە کە هەوڵی دوورکەوتنەوەی لە خودییەت و سەرنج و تێڕامانە تایبەتییەکانی رەخنەگر و توێژەر و بابەتی پێکاریگەربوونی رەخنەگر بە تێکست و پاشان بڕیاردان و هەڵسەنگاندن لەسەر هەمان بنەمای پێکاریگەربوونەکە دا، ئەمەش لەڕێگەی هێنانە پێشەوەی بیرکردنەوەی بابەتییانە بە نزیکبوونەوە لە سنور و تخوبی زانستەکان و دەستبردن بۆ تیۆر و مێتۆد و بنەما و زانیارییە زانستییەکان و بەکارهێنانیان لەبریتی هەست و سەرنجی تایبەتی رەخنەگر لە میانی توێژینەوەدا.

چەمکی ئەم زاراوەیە ئەوە دەگەیەنێت کە رەخنەیەکە بە سوودبینین لە تیۆر و ئەنجام و بنەما و میکانیزمەکانی زانستە جیاوازەکانەوە بەردی بناغەی خۆی دادەڕێژێت و سروشت و کردەی رەخنەیی و چوارچێوە و هەنگاوەکانی خۆی ڕەنگڕێژ دەکات و رەخنەی ئەدەبی بەرەو دونیای زانست و گیانی زانستی و ئەنجامی زانستی و بابەتی دوور لە کاریگەری و سەرنج و بڕیار و هەڵسەنگاندنی خودی دەبات، بۆیە ((مەبەستی ورد لە رەخنەی زانستی: پراکتیککردنی یاسای تەواو زانستییە لەسەر ئەدەب))(الگاهر، 1983، 411). هەڵبەت هەر زانستێکیش کەرەستە و ئامراز و مادە و توخم و بابەت و چەمك و هەنگاوی پیادەکاری و پراکتیکی خۆی هەیە کە توێژینەوەی لەسەر دەکات و لەژێر ڕۆشنایی ئەو تاقیکردنەوە و توێژینەوانەی ئەنجامیدەدات لەسەر ئەم کەرەستە و بابەتانە ئەنجام و تیۆر و مێتۆدی کارکردن و چوارچێوە و سنووری خۆی دەستنیشاندەکات. ئەمە بۆ رەخنەی

ئەدەبیش ڕاستە، رەخنە وەك زانستێك کەرەستە و ماددەی تایبەت بەخۆی هەیە کە توێژینەوە و شیکردنەوەکانی خۆی لەسەر ئەنجامدەدات کە ئەویش (ئەدەب)ە. هەروەکو لەسەرەوەش ڕوونمان کردەوە مادام ئەدەبیش (وەك کەرەستەیەکی توێژینەوەی رەخنە) بەشێك لە هەموو ئەو زانسانە لەخۆیدا هەڵدەگرێت، کەواتە ئاساییە رەخنەش سوود لە زانستە جیاوازەکان وەربگرێت و لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆر و مێتۆد و بۆچوون و تاقیکردنەوەی زانستی ئەم زانستانەوە تیۆر و مێتۆدی کارکردن و توێژینەوە بۆخۆی دابهێنێت و بەهەمان شێوەی زانستەکان مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا بکات و بیخاتە بەر نەشتەری پێوەر و پێوانە زانستییەکان، بەمەرجێك ئەم پێوەر و پێوانە زانستییانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت و دووربێت لە زاڵبوونی مۆرکی تاقیگەیی و تەواو زانستانە بەسەر توێژینەوە رەخنەیی و ئەدەبییەکاندا.

دەشێ بڵێین رەخنەی زانستی: ئەو رەخنەیەیە کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستییانە لە تێکست دەکۆڵێتەوە و پشت بە میتۆدێکی رەخنەیی دەبەستێت و دوور لە هەست و سۆز و سەرنج و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی رەخنەگر کردە رەخنەییەکەی ئەنجامدەدات و لە میانی رەخنەگرتنیشدا زمانێکی بابەتییانەی زانستانەی پاڵپشت بە وشە و زاراوە و دامەزراو لەسەر تیۆری رەخنەیی دیاریکراو و مەعریفەی رەخنەیی بەکاردێنێت و شیکردنەوە و راڤە و لێکدانەوەکانی بۆ تێکست لەسەر ئەم بنەمایانەدا دەبێت.

**2-1: رەخنەی زانستی و میتۆدبەندی لە توێژینەوەدا:**

رەخنەی زانستی لەگەڵ ئەوەی هەندێکجار کێشە و ئاریشە لە ئاستە جیاوازەکانی رەخنە و توێژینەوەی ئەدەبیدا دروستدەکات، ئەمەش بەهۆی نزیکبونەوەی رەخنەی ئەدەبی لە زانستە جیاوازەکان و سەرهەڵدانی چەندین میتۆدی جیاواز، کە لە ناو هەریەکە لەم میتۆدە رەخنەییانەشدا چەندین ئاراستە و میتۆدی تایبەتی تر سەریانهەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەی زانستی بناغە و بنەڕەتەکەی لەسەر بنەمای میتۆدبەندی لە توێژینەوەدا دامەزراوە. مەسەلەکە پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە وەکو زانستێك مامەڵە لەگەڵ رەخنەی ئەدەبیدا دەکەین.

رەخنەی ئەدەبی ئەوکاتە مۆرکێکی بابەتیانەی زانستییانە وەردەگرێت، ئەگەرهاتوو لە پرۆسەی رەخنەی پراکتیکییەکەیدا میتۆدی رەخنەیی بەکارهاتبێت و دوورکەوتبێتەوە لە زاڵبوونی مۆرکی خودییەت و سەرنجی کەسی رەخنەگر و نامیتۆدبەندی لە توێژینەوەدا، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە ((پرسی میتۆد لە هەموو کێڵگەیەکی مەعریفیدا پرسی یەکەمە، لەبەرئەوەی ئەنجام و لێکەوتەکانی هەموو زانستێك پەیوەستە بەو میتۆدەی کە پەیڕەوی لێدەکرێت لەنێو زانستەکاندا، بۆیە لە سەردەمی ئێستاماندا هیچ زانستێك نابینین بەبێ بوونی میتۆدی تایبەت بەخۆی، بۆیە پرسی میتۆد گرنگییەکی زۆری لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیدا داگیرکردووە)) (هیمە، 2012، 41). گرنگی زانستی و بابەتییانەی توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکان لەوەدا دەردەکەوێ کە لەسەر بنەمایەکی میتۆدبەندییانەی تەواو دامەزرابێ، بە جۆرێك کە توێژەر سوود لە بنەما تیۆرییەکان و چەمك و زاراوە و کەرەستەکانی میتۆدێکی رەخنەیی یان چەند میتۆدێکی رەخنەیی ببینێت و لەمیانیانەوە لە تێکستی ئەدەبی بڕوانێت و پێڕەوی هەنگاوەپراکتیکی و کردەییەکانیان بکات.

لێرەوە مەبەستمان لە رەخنەی زانستی ئەوەیە کە هەر توێژینەوەیەکی رەخنەیی و ئەدەبی سوودی لە تیۆری رەخنەیی و مێتۆدی رەخنەیی و میکانیزم و چەمك و زاراوە و هەنگاوی کردەیی هەر تیۆر و میتۆدێکی رەخنەیی وەرگرتبێت و بەسەر تێکستدا پراکتیزەیبکات. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە سیمای ئەم جۆرە رەخنەیە لە توێژینەوەکانی نێو زانکۆ و رەخنەی ئەکادیمیی شیعری کوردیدا بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

- ئامادەبوونی میتۆدێکی دیاریکراو لە توێژینەوەکەدا:
- ئامادەبوونی چەند میتۆدێك (لێکدان و تێکەڵکردنی چەند میتۆدێك) لە توێژینەوەکەدا:

رەخنەی زانستی

↓

ئامادەبوونی میتۆدبەندی لە توێژینەوەدا

ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەیی    ئامادەبوونی چەند میتۆدێکی رەخنەیی (رەخنەی تەواوکاری)

ئامانج لە هەنگاوانی رەخنەی زانستی بەرە و میتۆدبەندی و پشتبەستن بە رەخنەی میتۆدبەندی، ئەوەبوو کە وەرگرانی ئەدەب لە توێژەر و رەخنەگر و خوێنەران بەگشتی چەند یاسا و ڕێسا و پێوەرێکیان بەدەستەوە بێت و بەهۆیانەوە پرۆسە رەخنەییەکانیان ئەنجامبدەن و تێڕوانین و ڕاڤە و شیکردنەوەیەکی جێگیر و دیاریکراویان هەبێت و هەڵسەنگاندنێکی پشتئەستوور بە هۆ و ئەنجامی لۆژیکییانەیان بەرامبەر تێکستەکە هەبێت. ئەمەش بۆئەوەی رەخنەی ئەدەبی دووربێت لە هەر دەستتێوەردانێکی کەسی و

خودی ڕەخنەگر و هێنانەپێشەوەی بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی ڕەخنەگر لە کاتی توێژینەوەی لە تێکستنووس و تێکستی ئەدەبیدا. بۆئەوەی بڕیار و بۆچوونەکان کەسی و خودی نەبن و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی نەبن، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو یاسا و ڕێسا و پێوەر و بۆچوونانە بن کە لە ئەنجامی میتۆدی بەکارهاتووەوە بەدەستدێت.

**3-1: پرسی میتۆد لە توێژینەوە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکاندا:**

**1-3-1: ئامادەبوونی میتۆد:**

بۆیە ئامادەبوونی میتۆد لە توێژینەوەدا ئەگەرچی هەنگاوێکە بۆ زانستیبوون و بابەتیبوونی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار لەمیانی توێژینەوەدا ئامادەبوونی میتۆد کۆمەڵێك پرس و کێشە دێنێتەپێشەوە، کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆئەوەی لەمیانی توێژینەوەدا توێژەر و ڕەخنەگر ڕووبەڕووی کێشەی میتۆدی و بابەتی نەبنەوە. ئەو کێشانەی لە ئەنجامی ئامادەبوونی میتۆدەوە سەرهەڵدەدەن جۆراوجۆرن، هەندێکیان جەوهەریین و کێشەی قووڵ لەنێو توێژینەوەدا درووستدەکەن کە زۆرجار ڕەخنەرگر و توێژەر تووشی جۆرێك لە بنبەستدەکەن و لە ئامانج و ئەنجامەکانی دووریدەخەنەوە، هەندێکی تریان کێشەی لاوەکین و دەشێ ڕەخنەگر یان توێژەر بە وردی و زیرەکانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لەمیانی پڕاکتیزەکردندا چارەسەریانبکات. لەلایەکی ترەوە، بەشێك لەم کێشانە پێوەندییان بە هەموو ڕەخنەگر و توێژەرێکەوە هەیە لە جیهاندا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە هۆشیاری ڕەخنەیی ڕەخنەگر و چۆنێتی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی میتۆدە ڕەخنەییەکان بەسەر تێکستی ئەدەبیدا. بەشێکیش لەم کێشانە پێوەندییان  بە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە، ئەمە لەو دۆخەی کە ئەگەر ئێمە مامەڵەی ئەوە لەگەڵ میتۆدە ڕەخنەییەکاندا بکەین کە زادەی ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و مەعریفی و فیکری ئەوڕووپین و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی پەرەسەندنی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەوڕوپیدا سەریانهەڵداوە. ئەمەشیان کۆمەڵێك کێشەی تر دێنێتەپێشەوە کە زۆرجار توێژەر و ڕەخنەگرانی ئێمە خۆیانی لێدەبوورن و توخنیناکەون، لەکاتێکدا ئەم کێشانە زۆرجار پرسی گەوهەرین لەنێو گوتاری ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا.

بەشێوەیەکی گشتی، کێشەکانی میتۆدبەندی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا چەندین کێشە و پرس و دۆزی دیکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە بەسەر چەندین لایەنی جیاوازی مەسەلەی میتۆدبەندی و ڕەخنەی ئەدەبیدا دابەشدەبن. بۆ نموونە؛ پشتبەستن بە میتۆدێك و فەرامۆشکردنی میتۆدەکانی تر کێشە دروستدەکات، لە هەمان کاتدا پشتبەستن بە میتۆدی پێکهاتەیی کە چەندین میتۆدی لەخۆیدا هەڵگرتبێت دیسانەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە، هەروەها پابەندبوونی تەواو و میکانیکییانە بە هەنگاو و ڕێکارییەکانی میتۆد دیسانەوە کێشە درووستدەکات و پابەندنەبوونیش بە چوارچێوە و هەنگاوەکانی میتۆد بە تەواوی و توندوتۆڵیەوە دیسانەوە کێشە دەنێتەوە، بەمانایەکی تر، ئامادەبوونی میتۆد ئاریشە دروستدەکات و لە هەمان کاتیشدا ئامادەنەبوونی میتۆد دیسانەوە خۆی لە خۆیدا کێشەیە. ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی زاراوە و چەمك لەنێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا سەرهەڵدەدات. هەموو ئەمانە وادەکەن کە کێشەکانی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبیدا وا بەئاسانی نەچنە ژێر باری چارەسەرێکی بنەڕتی و یەکجارەکی، کێشەکانیش زیاتر و فراوانتر دەبن بەتایبەت لەنێو گوتاری ڕەخنەیی نەتەوەکانی تر بەهۆی جۆراوجۆری وەرگرەکانی ئەم میتۆدە ڕەخنەییانە (بسو، 2019، 33).

بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی گشتی بەشێك لەو کێشانەی لەمیانی ئامادەبوونی میتۆدی ڕەخنەییەوە سەرهەڵدەدەن لەمیانی ئەم بۆچوونەی سەرەوەدا ڕوونبکەینەوە، بەتایبەتیش لە بواری پڕاکتیزەکردنیان بەسەر تێکستی ئەدەبیدا:

-یەکێك لەو کێشانەی لە پڕاکتیزەکردنی میتۆدە ڕەخنەییەکان بەسەر تێکستی ئەدەبیدا درووستدەبێ، بریتییە لە نەبوونی هۆشیاری بە بنەما و بنچینەی میتۆدەکان و کرانەوەی بێ مەرجی گوتاری ڕەخنەیی بەرامبەر ئەم میتۆدە ڕەخنەییە جیاوازانەوە.

-میتۆدە ڕەخنەییەکان لە ژینگەیەکی مەعریفی و زانستی و ڕۆشنبیری و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی ئەدەبیات و ڕۆشنبیری ئەوڕووپیدا سەریانهەڵداوە و تایبەتمەندییەکانی ئەم ژینگە و قۆناغە مێژووییانەیان وەرگرتووە کە تییاناندا هاتوونەتەکایەوە.

-ئەم خاڵەی سەرەوە، کێشەیەکی تر ڕووبەڕووی ڕەخنەگران دەکاتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە میتۆدە ڕەخنەییەکان کە لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و مەعریفی ئەوڕووپی و لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا سەریانهەڵداوە، ئەم میتۆدانە وەك ڕێکار و هەنگاوی پراکتیکی یان ئامرازی پراکتیکی و جێبەجێکردن خاوەن پاشخانێکی مەعریفی دامەزراو لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی درووستبوون. تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و ئەدەبیاتی نەتەوە موسوڵمانەکاندا هەیە.

-نەبوونی هۆشیاری بە ماهییەتی میتۆدە رەخنەییەکان، بۆیە لای هەندێك رەخنەگر و توێژەر میتۆدی رەخنەیی وەك قاڵب و چوارچێوەیەك بۆ تێخستنی تێکستی ئەدەبی تێیدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بە مەبەستی بە ئەزموونکردنی تێکستی ئەدەبی.

-کێشەی پڕاکتیزەکردن: لە هەندێك توێژینەوەدا، میتۆدی رەخنەیی لە وەسیلەوە دەگۆڕێت بۆ مەبەست، کە لە بنەڕەتدا دەبێت وەك وەسیلەیەکی جێبەجێکاری و پراکتیکی بۆ توێژینەوەی تێکست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەچی میتۆد دەگۆڕێت بۆ مەبەست و پشت بە تێکستی ئەدەبی دەبەستێت بۆئەوەی توانستە جێبەجیکاری و رێکارییەکانی تاقیبکرێتەوە.

-هەندێکجار وا لە تێکست دەکرێت لەگەڵ میتۆدەکەدا بگونجێنرێت و بە زۆر میتۆدێکی رەخنەیی بەسەردا پڕاکتیزەدەکرێت، لەکاتێکدا ئەوە تێکستە میتۆدی رەخنەیی بەرەو خۆی رادەکێشێت و سروشت و تایبەتمەندییەکانی هەر تێکستێك بڕیار لەسەر جۆری میتۆدە رەخنەییەکە دەدات (سعدون، ؟، 70-73).

ئەو کێشانەی لە ئامادەبوونی میتۆدەوە سەرهەڵدەدەن، پێوەندییان بە بەکارهێنانی یەك میتۆدی و فرە میتۆدییەوە هەیە (یان میتۆدی رەخنەی تەواوکاری، کە سوود لە لایەنە ئەرێنییەکانی زۆربەی میتۆدەکانی تر وەردەگرێت و زەمینەسازییەکی گونجاو لە نێوانیاندا دێنێتەکایەوە (رێبین خلیل قادر، رەخنەی تەواوکاری، 2009، 42). بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە کارکردن بە میتۆد پرۆسەیەکە پێویستی بە زەمینەسازی و بەرنامەڕێژی هەیە، لە هەمان کاتدا دەبێت سروشتی تێکستی ئەدەبیمان لەبەرچاوبێت، لەبەرئەوەی تێکستی ئەدەبی خاوەن چەندان رەهەندی و رەگە و توخمی جیاوازە و پێکهاتەیەکی زمانی وای هەیە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گوتارە جیاوازەکانی تردا هەیە، بۆیە پێوەندی نێوان میتۆدی رەخنەیی و تێکستی ئەدەبی پێوەندییەکی دوالیزمی پێویست و ئاڵۆزە و پێویستە لە مەسەلەی پێوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە و پەنابردن بۆ هەر میتۆدێکی رەخنەیی لە پرۆسەی رەخنەگرتن و توێژینەوەدا دوو خاڵ لەبەرچاوبگیرێت:

یەکەمیان: پەیوەستە بە پاشخانی رۆشنبیری رەخنەگر لە هۆشیاری دەربارەی میتۆدە رەخنەییەکان بۆئەوەی ئامانج و مەبەستی راستەقینەی خۆی بپێکێت لە هەڵبژاردنی میتۆدەکاندا.

دووەمیان: بەندە بە سروشتی تێکستی ئەدەبییەوە (امین، 2009، 17). ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە هەر تێکستێکی ئەدەبی سروشتی تایبەت بەخۆی هەیە و کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەت جیاکەرەوەی تایبەتی هەیە کە لە تێکستە ئەدەبییەکانی تری جیادەکاتەوە. شێوازی هەر تێکستێك لە دەربڕین و گوزارشتکردنی بۆ بابەت و پرسە جیاوازەکان جیاوازە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە تێکستنووسێکەوە بۆ یەکێکی تر و تەنانە لە تێکستنووسێکیشدا لە سەردەم و ژینگەیەکەوە بۆ سەردەم ژینگە و دەوروبەرێکی جیاوازتر دەگۆڕێت. بۆیە تێکستەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە توێژەر و رەخنەگر لە مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆدی رەخنەییدا بە وردی و ئاگاداری و هۆشیارییەکی رەخنەییەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا بکەن و بۆ هەر تێکستێك میتۆدی رەخنەیی گونجاو بەکاربێنن. ئەمەش بۆئەوەی دوورکەونەوە لەو جۆرە هەڵە باوانەی کە زۆرجار لە بواری میتۆدبەندی توێژینەوەی ئەدەبیدا رەخنەگر و توێژەرەکان تێیدەکەون کاتێك میتۆدێکی رەخنەیی یان چەند میتۆدێکی رەخنەیی بەزۆر و بەبێ هیچ پلانێکی ورد و هۆشیارانە بەسەر تێکستدا پڕاکتیزەدەکەن، لەکاتێکدا لەگەڵی ناگونجێت و لە مەبەست و ئامانجە دیاریکراوەکە دووریدەخەنەوە و ئەنجامێکی زانستییانە بەدەستەوەنادات.(د. فوئاد رشید) لە کتێبی (میتۆدۆلۆژیا و رەخنەی ئەدەبی کوردی)دا ئامادەبوونی میتۆدی لە ئاستی رەخنەی ئەدەبیدا بەسەر دوو تەوەرەی سەرەکیدا دابەشکردووە؛ بەمشێوەیە:

**1-1-3-1: ئامادەبوونی یەك میتۆد:**

ئامادەبوونی میتۆدی رەخنەیی لەسەر ئاستی یەك میتۆدی رەخنەییدا لەنێو گوتاری رەخنەی ئەدەبیدا باوە و بەشێکی زۆری توێژەر و رەخنەگران پێڕەوی بەکارهێنانی یەك میتۆدی رەخنەییان لە توێژینەوەکانیاندا کردووە. ئاشکرایە کە هەر میتۆدێکی رەخنەیی خاوەنی تێڕوانین و گۆشەنیگا و کەرەستە و زاراوە و هەنگاوی پراکتیکی و رێکاری رەخنەیی و میکانیزمی تایبەت بەخۆیەتی و جیاوازی لەگەڵ میتۆدەکانی تردا هەیە، ئەگەرچیش کە لە هەندێك خاڵدا هاوبەشبن. ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێتەوە کە هەر میتۆدێکی رەخنەیی لە گۆشەنیگا و تێڕوانینێکی دیاریکراوەوە لە تێکستی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و ڕەهەندێکی دەق وەردەگرێت و لەمیانی ئەو ڕەهەندەوە راڤە و لێکدانەوە و شیکردنەوە و توێژینەوەکەی دەستپێدەکات و پرۆسە رەخنەییەکەی لەسەر بنەمای رەهەندی بەهەندوەرگیراو ئەنجامدەدات.

هەڵبژاردنی میتۆدی رەخنەیی بۆ توێژینەوە و پرۆسەی رەخنەیی لەلایەکەوە پەیوەستە بە تێڕوانینی رەخنەگر بۆ سروشتی رەخنەی ئەدەبی و ئەرکەکەی، لەلایەکی ترەوە، پەیوەستە بە تێڕوانینی بۆ سروشتی تێکستی ئەدەبی و ئەرکەکەی (بسو، 2019، 214). ئەمە هۆکارێکە بۆئەوەی رەخنەگر ئاگاداربێت و بزانێت لە چ گۆشەنیگا و تێڕوانینێکەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستی ئەدەبی دەکات و پاشان میتۆدی کارکردنی بۆ هەڵدەبژێرێت. کەواتە تێڕوانینی رەخنەگر بۆ سروشتی ئەدەب و ئەرکەکەی، راستەوخۆی بەرەو تێڕوانینی بۆ

سروشتی رەخنەی ئەدەبی و ئەركەكەی پەلكێشیدەكات، ئەمەش وایلێدەكات میتۆدی گونجاو بەگوێرەی ئەو بینین و تێڕوانینەی بۆ سروشتی ئەدەب و ئەركی ئەدەب هەیەتی هەڵبژێرێت.

تێڕوانینی رەخنەگر بۆ ئەدەب ← تێڕوانینی رەخنەگر بۆ رەخنەو ئەركەكەی ← هەڵبژاردنی میتۆدی گونجاو

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو توێژینەوە ئەدەبی و كارە رەخنەییانەن كە رەخنەگر لە كرداری شیكردنەوە و راڤەكردن و هەڵسەنگاندنی تێكستی ئەدەبیدا یەك میتۆدیان بەكارهێناوە. یەكێك لەو كێشانەی لە ئەنجامی بەكارهێنانی تاكە میتۆدێك لە توێژینەوەی ئەدەبی و رەخنەییدا سەرهەڵدەات، بریتییە لەوەی كە قەوارەی تێكستی ئەدەبی فرە رەهەندە (زمانەوانی، ئیستاتیكی، سایكۆلۆژی، ئایدیۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، فەلسەفی)، بەڵام هەر میتۆدێك پتر گرنگی و بایەخ بە یەك لایەن و ڕەهەندێكی دیاریكراو دەدات (فوئاد رەشید، 2018، 62). ئەوەی كێشەكە قوڵتر دەكاتەوە ئەوەیە كە تێكستی ئەدەبی تەنیا یەك ڕەهەند و یەك ڕەگەز نییە، بەڵكو ئەم ڕەهەندانە و چەندین رەگەزی تر بەشدارن لە پێكهێنانی ئەم قەوارەیە، بۆیە قەوارەی تێكستی ئەدەبی پەیوەستە بە هەموو رەگەز و توخم و رەهەندە جیاوازەكانییەوە كە لە یەكەیێكی یەكگرتوو و یەكێتییەكی ئۆرگانی توندوتۆڵدا ئاوێتەی یەكتر بوون و جیاكردنەوەیان لە یەكتر ئەستەمە. كێشەی بەكارهێنانی یەك میتۆدیش لێرەوە دەستپێدەكات كە هەر میتۆدێكی رەخنەیی گرنگی بە رەهەندێك لەو رەهەندانە دەدات و ئەوانی تر فەرامۆشدەكات، بەمەش تەنیا دەتوانێت لەمیانی ئەو رەهەندەوە لە تێكستی ئەدەبیدا قوڵبێتەوە و لێبكۆڵێتەوە، لێرەوە كردەی رەخنەی ئەدەبی لەمیانی میتۆدی بەكارهاتووەوە تەنیا لایەنێكی دیاریكراوی تێكستمان بۆ رۆشندەكاتەوە و لایەن و رەهەندەكانی تر هەر بە نهێنی دەمێننەوە. بۆ نموونە، میتۆدی رەخنەی مێژوویی، گرنگی بە قۆناغی مێژوویی و سەردەم و ژینگەكەی و بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەدەب و ژیانی تێكستنووس و ئەو سەردەم و ژینگەی تێیدا ژیاوە دەدات (مصگفی و علی، 1989، 169). میتۆدی رەخنەی كۆمەڵایەتی، لەو ڕوانگەیەوە لە ئەدەب دەكۆڵێتەوە كە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو كۆمەڵگا و واقیع و چینە كۆمەڵایەتییەیە كە تێیدا هەڵقوڵاوە، بۆیە زیاتر ((جەخت لە دەلالەاتی كۆمەڵایەتی ئەدەب و هونەر دەكاتەوە))(مصگفی و علی، 1989، 179). هەروەها میتۆدی رەخنەی دەروونیش، كار لەسەر هاوكێشەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی دەروون و ناخ و هەڵچوونە جیاوازەكانی خاوەنەكەیەتی و لەم پێناوەشدا شیكردنەوەیەكی دەروونییانە بۆ ئەدەب دەكات. ئەمە بۆ میتۆدە رەخنەییەكانی تریش ڕاستە و هەر میتۆدێك تەنیا ڕەهەندێك بەهەندوەردەگرێت.

لەلایەكی دیكەوە، كارێكی زانستیانە نییە، ئەگەر بەزۆر و بێ ڕەچاوكردنی هیچ ئامانج و ئەنجامی توێژینەوە و سروشت و پێكهاتەی تێكستی ئەدەبی چوارچێوەیەكی چەسپاو و نەگۆڕ بۆ رەخنەگر دیاریبكرێت و داوایلێبكرێت فڵانە میتۆدی رەخنەیی بەكاربێنێت و ئەوی دیكە پەیڕەونەكات و فەرامۆشیبكات، كارێكی لەم جۆرە پرۆسە رەخنەییەكە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چاكتر وایە رەخنەگر و توێژەر بۆ ئەنجامدانی كارێكی رەخنەیی و سوودبینین لە میتۆدەكانی رەخنەی ئەدەبی، دوو خاڵ ڕەچاوبكات، كە ئەمانەن:

1-ئامانجی كارە رەخنەییەكە: دیارە هەر كارێكی رەخنەیی ئامانج و پەیامی خۆی هەیە، جا ئایا چ میتۆدێكی رەخنەیی و هەڵوێستێكی میتۆدبەندییانە، ئەم پەیامە دێنێتەدی؟ لێرەدا سروشتی ئەم پەیامە و زیرەكی و ڕۆشنبیری رەخنەگر ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی میتۆدە رخنەییەكە.

2-ڕەچاوكردنی سروشتی پێكهاتەی سیما و بنەمای تێكست: هەر تێكستێكی ئەدەبی سروشت و پێكهاتە و سیمایەكی تایبەت بەخۆی هەیە و هەندێكجار رەخنەگر بە ڕەچاوكردنی سروشتی پێكهاتەی ناوەرۆك و ئیستاتیكای تێكستی ئەدەبی، جۆری میتۆدەكە دیاریدەكات، چونكە مەرج نییە تاكە میتۆدێك توانای شیكردنەوە و ڕاڤەكردنی هەموو تێكستێكی ئەدەبی هەبێت، لێرەشدا ڕۆشنبیری هەمەلایەنانەی رەخنەگر ڕۆڵی خۆی لە چۆنێتی بڕیاری هەڵبژاردنی جۆری میتۆدە رەخنەییەكە دەبێت (د. فوئاد رەشید، 2018، 65-66).خاڵی یەكەم پێوەندی بەو میتۆدە رەخنەییەوە هەیە كە رەخنەگر و توێژەر بۆ توێژینەوەكەی هەڵیدەبژێرێت و بەكاریدێنێت، هەروەها پێوەندی بەوەوە هەیە (چۆن) و (چەند) میتۆدە رەخنەییەكە ئامادەبوونی لەنێو توێژینەوەكەدا دەبێت و لەم ڕووەوە هۆشمەندی رەخنەیی رەخنەگر و توێژەر تا چەند بڕدەكات. خاڵی دووەم پێوەندی بە سروشت و پێكهاتە و سیمای تێكستی ئەدەبییەوە هەیە، هەم لەڕووی ناوەرۆك و هەم لەڕووی ڕوخسار و هەم لە ڕووی ڕەهەند و ڕەگەز و توخمە پێكهێنەرەكانی تێكستەكەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی تاكە میتۆدێكی رەخنەیی لە توانایدا نییە لە هەموو تێكستێكی ئەدەبی بكۆڵێتەوە، بەڵكو هەر تێكستێك بەگوێرەی سروشت و پێكهاتە و سیما و تایبەتمەندی و خەسڵەت و ڕەهەندەكانی ئەو میتۆدە رەخنەییە بەرەو خۆی كێشدەكات كە گونجاوە بۆ توێژینەوە لەو تێكستە ئەدەبییە.

دەشێ خاڵە ئەرێنییەكانی بەكارهێنانی یەك میتۆد لە توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەكاندا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

-بەزانستیبوون و بابەتیبوونی رەخنە و توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەكان: بەكارهێنانی یەك میتۆد لە توێژینەوەدا ڕۆڵێكی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ئاراستەكردنی توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەكان بەرەو زانستیبوون و بابەتیبوون.

-دیاریكردنی سنوور و پلان و پرۆسەی رەخنەگرتن: دیاریكردنی چوارچێوەیەكی دیاریكراو بۆ توێژەر بۆئەوەی سنوور و پلان و ئامانج و ئەنجام و مەبەستەكانی ڕوونبن و پرۆسە رەخنەییەكەی لە چوارچێوەی میتۆدە رەخنەییەكەوە دەرنەچێت و تووشی پەرش و بڵاوی و سەرلێشێوان و كاركردنی بێ پلان و ئامانج نادیار نەبێت.

-كەرەستە و وەسیلە و میكانیزمی پرۆسەی رەخنەگرتن: دیاریكردنی شێوەی كاركردن و چۆنێتی كاركردنی توێژەر و چۆنێتی مامەڵەكردنی لەگەڵ تێكستە ئەدەبییەكان لەمیانی میتۆدی دیاریكراوەوە. لەپاڵ ئەمەشدا كەرەستە و هۆكار و وەسیلە و میكانیزمی دیاریكراو بە توێژەر دەبەخشێت لەمیانی كاركردنی لەسەر تێكستە ئەدەبییەكاندا.

-گۆشەنیگا و تێڕوانینی میتۆدەكە: بەهۆی پێڕەوكردنی میتۆدێكی رەخنەییەوە توێژەر تێڕوانین و بینین و گۆشەنیگای توێژینەوەی بەرامبەر تێكستی ئەدەبی ڕوون و ئاشكرادەبێت و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ تێكستدا بكات و لە كوێوە هەڵسوكەوت لەگەڵ تێكستدا بكات و چۆن راڤە و شیبكاتەوە.

-رەهەندی نێو تێكست: هەر میتۆدێكی رەخنەیی بایەخ بایەخ بە یەك لایەن و ڕەهەندی نێو تێكستی ئەدەبی دەدات، ئەمەش واتە توێژینەوە لە تێكست لەمیانی یەك ڕەهەندەوە، كە لە زۆربەی حاڵەتەكانیشدا ڕەهەندی زاڵ وەردەگیرێت و توێژینەوەی لەبارەوە دەكرێت. ئەمەش وادەكات پرۆسەی رەخنەگرتن و توێژینەوە تەنیا بەیەك لایەن و ڕەهەندەوە خەریكبێت و لەم ڕووەوە دەتوانێت بە وردی و قوڵی و چڕی و بابەتیانە هەموو نهێنی و لایەن و بوارە جیاوازەكانی ڕەهەندەكە بە وردەكارییەكانییەوە بخاتەڕوو.

ئەگەرچی بەكارهێنانی تاكە میتۆدێكی رەخنەیی لە توێژینەوەدا ڕێگا خۆشكەرە بۆ هەنگاونان بەرەو توێژینەوەی زانستیانەی بابەتیانەی دوور لە كاری سەرپێیی و سادە و قسە و باس و هەڵسەنگاندنی بێ سەروبەر و نابابەتییانە لەبارەی تێستی ئەدەبییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەكارهێنانی یەك میتۆدی رەخنەیی لە توێژینەوەدا، چەند گرفت و كێشەیەكی لێدەكەوێتەوە، كە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێكیان دەكەین:

-بەكارهێنانی یەك میتۆدی رەخنەیی لە توێژینەوەدا واتە بایەخدان بە یەك ڕەهەند و یەك لایەنی تێكستی ئەدەبی، لەكاتێكدا تێكستی ئەدەبی فرەڕەهەند و فرەڕەگەز و فرەلایەنە و دیاردەیەكی تێكچڕژاو و ئاڵۆز و بەناویەكداچووە و تۆڕێك پێوەندی ناوەخۆیی ئەم ڕەهەند و ڕەگەز و لایەنانەی بەیەكەوە پەیوەستكردووە و هەوومیان پێوەندییان بە یەكترییەوە هەیە و ڕۆڵی یەكتر تەواودەكەن. بایەخدان بە ڕەهەندێكی دیاریكراو لەمیانی میتۆدێكی رەخنەیی دیاریكراوەوە دەبێتە هۆی فەرامۆشكردنی ڕەهەند و ڕەگەز و لایەنەكانی دیكەی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و ئەمەش پاراستنی یەكێتی ئۆرگانی تێكست لە توێژینەوەدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

-زۆرێك لە رەخنەگران و توێژەران رەخنە لەوە دەگرن كە بەكارهێنانی میتۆدێكی دیاریكراو و پێڕەوكردنی بەسەر تێكستی ئەدەبیدا، پرۆسە رەخنەییەكە بەرەو پرۆسەیەكی تاقیگەییانە دەبات و وادەكات توێژەر وەكو كەرەستەیەكی زانستی و سروشتی مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا بكات و كۆمەڵێك زاراوە و كەرەستە و چەمك و تێڕوانین و هەنگاو و میكانیزمی بەسەردا تاقیبكاتەوە، لەكاتێكدا ئەدەب دیاردەیەكی ویژدانی و هەستی و سۆزدارییە و هونەرێكە لە جوانكاری و زەخرەفە و وشەكاری و ڕازاندنەوە و ئەمانەش دووریدەخەنەوە لەوەی وەكو كەرەستەیەكی زانستی و تاقیگەیی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و میتۆدی بەسەردا تاقیبكرێتەوە، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی كوشتنی گیانی هونەری و جوانكاری لە ئەدەبدا و ئەدەب كەرەستەیەك نییە وەكو كەرەستەی زانستەكانی دیكە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت.

-زۆرجار بەكارهێنانی میتۆدێكی رەخنەیی ئەگەر هۆشیاری رەخنەیی رەخنەگر و ڕۆشنبیرییەكی زۆر و فراوانی لەگەڵدا نەبێت و میتۆدە رەخنەییەكە بە وردی و ئاگادارییەكی زۆر و هۆشیارانە و ئاگایانە پراكتیزەنەكرێت، ئەوا ڕێڕەوی توێژینەوەكە بەلایەكی تردا دەبات و لە توێژینەوەی ئەدەبی و رەخنەیی دووریدەخاتەوە و گوتاری بوار و زانستەكانی تری بەسەردا زاڵدەكات و توێژەر بێ مەبەست و بێ ئاگایانە دەكەوێتە نێو گێژاوی بەكارهێنانی تیۆر و میتۆدی زانستەكان بەسەر ئەدەبدا و لەم نێوەندەشدا تای تەرازووی توێژینەوە یاتر بەلای زانستەكاندا دەكەوێت و مۆركی رەخنەیی لێدادەماڵدرێت.

-ئاشكرایە كە هەر میتۆدێكی رەخنەیی لەناویدا چەندین تیۆر و بۆچوون و میتۆدی وردتر هەن، بەمانایەكی تر، هەر میتۆدێكی رەخنەیی چەندین تیۆریست و رەخنەگر و توێژەر لەخۆدەگرێت كە هەموویان لە ئاستی چوارچێوە گشتییەكەی میتۆدەكەدا یەكدەگرنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بۆچوونی جیاواز و وشە و زاراوە و كەرەستە و تێڕوانینی جیاواز و هەنگاو و ڕێكاری و میكانیزمی رەخنەیی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە زۆرجار لە توێژینەوەكاندا ڕەچاوی ئەمە ناكرێت و لەمیانی توێژینەوەدا

چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدە رەخنەییەکە وەردەگیرێت بێئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لەناو ئەم میتۆدە رەخنەییەدا بۆچوون و تێڕوانینی کام رەخنەگر و تیۆریست وەرگیراوە و پشتپێبەستراوە. ئەمەش دیسانەوە کێشە بۆ توێژەر و رەخنەگر درووستدەکات و دەکەوێتە نێو گێژاوی کۆمەڵێك بۆچوونی جیاوازی نێو یەك میتۆدی رەخنەییەوە.

-لە مەسەلەی پراکتیزەکردنی میتۆدی رەخنەیی بەسەر تێکستی ئەدەبیدا، زۆرجار سروشت و تایبەتمەندی ئەو تێکستەی کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەبارەوە بکات لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە بەسەریدا پراکتیکدەکرێت ناگونجێت و بۆ یەکتر شیاونین. ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە ئەوە تێکستی ئەدەبییە میتۆدی رەخنەیی بەرەو خۆی بانگدەکات، نەك بە پێچەوانەوە بە زۆر و بێ ڕەچاوکردنی هیچ بنەما و تایبەتمەندی و باکگراوندێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تێکستی ئەدەبی میتۆدێکی رەخنەیی بۆ دیاریبکرێت و بەزۆر بەسەریدا بسەپێنرێت لەکاتێکدا تایبەتمەندییەکانی تێکستەکە پێچەوانەی باکگراوندی فەلسەفی و مەعریفی میتۆدە رەخنەییەکەیە، ئەمەش دیسانەوە توێژەر تووشی جۆرێك لە بێئومێدی دەکات لە گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامی توێژینەوەکەی.

**2-سیمای رەخنەی زانستی لە چوارچێوەی ئامادەبوونی یەك میتۆدی رەخنەییدا - نامەی دکتۆرای (رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن (رەخنەی شیعری کوردی بە نموونە)) بە نموونە**

**1-2: هەڵوێستەیەك لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم دکتۆرانامەیە بریتییە لە (رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، رەخنەی شیعری کوردی بە نموونە). بە سەرنجدانێکی ورد لەم ناونیشانە، دەبینین لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان بریتییە لە (رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن) و ئاماژەیە بۆ ئەوەی توێژەر هەوڵیداوە لەڕووی تیۆرییەوە باسی بونیادگەری بکات کە ئەمەش خۆی لە بەشەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەمدا) دەبینێتەوە، پاشان لەڕووی پراکتیکییەوە لەسەر چەند دەقێکی شیعری کوردی پراکتیزەیکات و ئەمەش خۆی لە (پاری سێیەمی بەشی چوارەمدا)دەبینێتەوە.

بەشی دووەمی ناونیشانەکە بریتییە لە (رەخنەی شیعری کوردی بە نموونە)، کە مەبەست لێی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردیدا و ئەمەش خۆی لە (پاری دووەم و پاری چوارەمی بەشی چوارەمدا) دەبینێتەوە و ئەمەیان لێرەدا دەچێتە خانەی (رەخنەی رەخنە)وە.

ناونیشانی ئەم دکتۆرانامەیە جۆرێك لە ناڕوونی و لێڵی و تێکەڵاوی پێوەدیارە و بەشە پراکتیکییەکەی نامەکە لە ئاست ناونیشانی توێژینەوەکەدا نییە، لەبەرئەوەی کە خوێنەر ناونیشانەکە دەخوێنێتەوە واهەستدەکات کە توێژەر تەنیا ویستوویەتی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردیدا لەسەر ئاستی (تیۆری و پراکتیکی)دا بخاتەڕوو کە ئەمە دەچێتە نێو (رەخنەی رەخنە)وە، بەڵام کاتێك سەیری بەشی چوارەمی توێژینەوەکە دەکات هەست بەوە دەکات کە پارەکانی ئەم بەشە جۆرێك لە سادەی پێوە دیارە و هەندێك لە پارەکانی هیچ پێوەندییەکییان بە ناونیشانەکەوە نییە، لە کۆی چوار پاردا، تەنیا پاری چوارەم ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ناونیشانەکەوە هەیە. لەم پارەشدا تەنیا لایەنی پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردیدا وەرگرتووە بەبێئەوەی بایەخ بە لایەنی تیۆری رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردی بدات، لە کاتێکدا ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکە رەخنەی بونیادگەرییە لە ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا لەنێو رەخنەی شیعری کوردیدا. لەلایەکی دیکەوە، توێژەر لە دکتۆرانامەکەیدا نە ماوەی دیاریکردووە، نە کەرەستەی توێژینەوەی دیاریکردووە، کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ناونیشان، چونکە لە توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستییانەدا پێویستە توێژەر کەرەستەی توێژینەوەکەی ئاشکرا و روون و دیاریکراوبێت و لەمیانی توێژینەوەدا ئاگاداری ئەوەبێت کە توێژینەوە لەبارەی چییەوە ئەنجامدەدات و ئەو کەرەستانەی بۆ مەبەستی توێژینەوەکەی بەکاریاندێنێت چین و چۆنن و ڕێژەیان چەندە و جۆریان چییە و ماوەی دیاریکراو چەندە. هەڵبەت دیاریکردنی کەرەستەی توێژینەوەش بە چەند شێوەیەك دەبێت:

-لە ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە جۆر و چییەتی و چۆنێتی و ڕێژە و ماوەی کەرەستەی توێژینەوەکەی دەکات، ئەمەش لەمیانی دوو جۆرە ئاماژەپێدانەوە:

•دیاریکردنی ماوەی توێژینەوە: بۆ نموون بە ساڵ ماوەکە دیاردەکرێت و بەمەش توێژەر ئەو کەرەستانەی دەکەونە نێو ساڵی دیاریکراوەوە وەکو نموونە وەردەگرێت.

•دیاریکردنی کەرەستەی توێژینەوەکە: بۆ نموونە بەرهەمی نووسەرێك بە نموونە وەردەگیرێت، یان دیوانێك، یان تێکستێك، یان کۆمەڵێك بەرهەمی جیاواز، یان بەرهەمی چەند نووسەرێك و ... هتد دیاریدەکرێت.

-لە پێشەکی توێژینەوەکەدا توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە کەرەستەی توێژینەوەکەی لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە چییە و دەیەوێت توێژینەوە لەبارەی چییەوە بکات.

بەمەش هەم توێژەر هەم خوێنەری توێژینەوەکەش لەوە ئاگاداردەبێت کە توێژەر مەبەستێتی لە چ جۆرە کەرەستەیەك بکۆڵێتەوە و لەڕووی چەندێتییەوە چەند کەرەستە وەردەگرێت و ماوەی کەرەستەی وەرگیراو بە نموونە چەندە و چۆنە.

ئەگەر لەم دکتۆرانامەیە وردبینەوە دەبینین توێژەری نامەکە لە هیچ شوێنێك ئاماژەی بەوە نەداوە کە ماوەی دیاریکراو بۆ توێژینەوە لە کەرەستەی توێژینەوەکەی چەندە و چۆنە، توێژەر هەڕەمەکی چەند توێژینەوەیەکی بە نموونە وەرگرتووە کە ژمارەیان چوار توێژینەوەن و ئەمانەن:

-توێژینەوەیەکی (عبدالله گاهر بەرزنجی) بەناوی (گبیعە الپنائیە فی قصیدە انا وانت لدلشاد مریوانی).

-توێژینەوەیەکی تری (عبدالله گاهر بەرزنجی) بەناوی (قراءە فی (اعداد) قوباد جلی زادە).

-توێژینەوەیەکی (مەریوان وریا قانع) بەناوی (تێکشکانی دیالەکتیکی خود و سروشت لە شیعری (پایز)ی (گۆران)دا.

-توێژینەوەیەکی تری (مەریوان وریا قانع) بەناونیشانی (بەرەو خوێندنەوەیەکی بونیادگەرییانەی شیعری کوردی، ئەفسانەی خۆکوشتن لە شیعری (خۆکوشتن)ی (محمد عمر عپمان)دا).

ئەم توێژینەوانەی بە نموونە وەرگرتووە و لەسەر ئاستی پراکتیکی باسی چۆنێتی ڕەنگدانەوەی رەخنەی بونیادگەری لەم توێژینەوانەدا کردووە. دوو لەم توێژینەوانە بە زمانی عەرەبی نووسراون، لەکاتێکدا رەخنەی شیعری کوردی بەنموونە وەرگیراوە! کەواتە لە کۆی گشتی هەموو ئەو توێژینەوە و وتار و نووسینانەی لەبارەی رەخنەی بونیادگەری و ڕەنگدانەوەی لە رەخنەی شیعری کوردیدا نوسراون لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا، تەنیا ئەم چوار توێژینەوە پراکتیکییە بە نموونە وەرگیراون. ئەمەش لەڕووی بنەما و خەسڵەتەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستییانەوە کارێکی نازانستانەیە و نەرێنییانە بەسەر توێژینەوەکەدا دەشکێتەوە و کاریگەری بەسەر ئەدا و ڕۆڵی رەخنەگر و چۆنێتی گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامەکانییەوە دەبێت و هۆشیاری توێژەر لەبارەی ناونیشان و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. توێژەر دەبوایە هەموو وتار و توێژینەوەکانی لەبارەی رەخنەی بونیادگەرییەوە لە سەرەتاوە تا ساڵی پێشکەشکردنی نامەکەی لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی وەربگرتایە. ئەمەش بە یەکێك لە کەموکوڕییەکانی نامەکە لەسەر ئاستی ناونیشان دادەنرێت.لەلایەکی دیکەوە، ئەم نامەیە تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردیدا، کەواتە بابەتی نامەکە دەکەوێتە خانەی (رەخنەی رەخنەوە)، کەچی توێژەر پاری سێیەمی بەشی چوارەمی بۆ پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری تەرخانکردووە، کە ئەمەش لەگەڵ ستراتیژییەت و ئامانجی نامەکە ناگونجێت، کە توێژەر هەر لە ناونیشانەوە ستراتیژییەتی کارکردنی نامەکەی دەستنیشانکردووە کە بریتییە لە (رەخنەی رەخنە)، نەك پراکتیزەکردنی میتۆدێکی رەخنەیی بەسەر تێکستی شیعریدا.

**2-2: ئامانجی نامەکە و هەڵبژاردە میتۆدبەندییەکەی:**

توێژەر لە پێشەکی دکتۆرانامەکەیدا هەرچەندە بە ڕوونی و سەربەخۆیی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی نەخستۆتەڕوو، بەڵام لەمیانی بابەتی نامەکەی و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەی، بەشێك لەو ئامانجانەی خستۆتەڕوو کە بەهۆیانەوە هەوڵیداوە بابەتی نامەکەی و میتۆدبەندییەتی توێژینەوەکەشی دیاریبکات. لە شوێنێکدا لەبارەی ئامانجی کارەکەیەوە دەڵێت: ((هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتۆد و پرەنسیپەکانی رەخنەی بونیادگەری))(حسێن، 2007، 1). بەتایبەت لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەم ئامانجەی توێژەر ئەگەرچی دەستنیشانی هەڵبژاردە میتۆدبەندییەکەی توێژینەوەکەی و ستراتیژییەتی کاری توێژینەوەکە دەکات و بابەتی سەرەکی نامەکەی گرتۆتەوە، کەچی ئەمە لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکە و بەشێك لە تەوەرە و پارەکانی نێو نامەکەدا ناکۆکە، چونکە بۆ خوێنەر ڕوون نییە ئایا مەبەستی توێژەر ناساندنی بونیادگەرییە لەسەر ئاستی پراکتیزەکردنی بەسەر تێکستی شیعری کوردیدا، یان مەبەستی رەخنەی رەخنەی بونیادگەرییە لە شیعری کوردیدا کە هەر ئەمەش ئامانجە بنەڕەتییەکەیە بەگوێرەی ناونیشانی توێژینەوەکە و ئامانجی سەرەکی توێژەر. کەچی لە هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکەیدا توێژەر پێچەوانەی ئامانجی سەرەکی ناونیشانی نامەکە و مەبەستی توێژینەوەکەی وا دەردەخات کە ئامانجی نامەکەی بریتییە لە مەسەلەی پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری لەسەر تێکستی شیعری کوردیدا و پاڵنەری هەڵبژاردنی بابەتەکەی و ئامانجی توێژینەوەکەی هەر ئەمەی لێدەفامرێتەوە و دەڵێت: ((ئەوەی کە پاڵنەرمان بوو رەخنەی بونیادگەری بکەین بە ناونیشانی ئەم نامەیە، ئەوەیە، کە بونیادگەری وەك میتۆدێك، زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی دەق و چوونە ناو قوڵاییەکانیەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم بابەتە لای خۆمان زۆر ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ڕاستە هەندێ وتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لێرە و لەوێ، دەبینرێ، بەڵام کەمیان توانیوویانە مەبەست بپێکن، زۆرجاریش هەندێ شیکردنەوە بەپێی ئەم میتۆدە کراوە، بەڵام زۆربەیان دوورن لە تێگەیشتنی پرەنسیپەکانی رەخنەی بونیادگەری))(حسێن، 2007، 1).

ئەم بۆچوونەی توێژەر بەلای مەسەلەی گوتاری رەخنەی بونیادگەری لە ئاستی پراکتیزەکردنیدا بەسەر تێکستدا دەشکێتەوە نەك ئامانجی سەرەکی نامەکە کە لە بەشی دووەمی نامەکەیدا دیاریکردووە کە بریتییە لە (رەخنەی شیعری کوردی بە نموونە). ئەم پاڵنەر و ئامانجەی توێژەر ڕوونیکردۆتەوە پێوەندی بە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەوە نییە. توێژەر دەبوایە وردتر بۆ مەسەلەکە بڕۆیشتایە و هەر لەمیانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەیەوە خۆی یەکلایی بکردایەتەوە کە لە بۆچی دەیەوێت رەخنەی بونیادگەری بە ئێمەمانان بناسێنێت، ئایا مەبەستێتی بنەما و پرەنیسپ و میکانیزم و هەنگاوە کردەییەکانی رەخنەی بونیادگەری و چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەم رەخنەیە لەگەڵ تێکستی شیعریدا ڕوونبکاتەوە، یان مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو رەخنەی بونیادگەری لەنێو گوتاری رەخنەی شیعری کوردیدا لەڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە لە چ ئاستێکدایە و بە کوێ گەیشتووە و رەخنەگرانی کورد چۆن لە رەخنەی بونیادگەری تێگەیشتوون و تا چەندە توانیوویانە ئامادەیی ئەم میتۆدە رەخنەییە لە گوتاری ڕۆشنبیری و رەخنەی شیعری کوردی بەرجەستەبکەن.

دەبێت ئەوە بزانین لەنێو گوتاری رەخنەی ئەدەبیدا، پرۆسەی رەخنە لەسەر ئاستی دوو پرۆسەی دیکەی جیاوازدا دەردەکەوێت، کە ئەمانەن:

-رەخنە ⟵ ئەدەب = رەخنەی ئەدەبی: لێرەدا رەخنە پرۆسەیەکە بەسەر تێکستی ئەدەبیدا مومارەسە و جێبەجێدەکرێت. جا پرۆسەکە لەمیانی میتۆدبەندییەوە بێت یان بەبێ بەکارهێنانی میتۆدی رەخنەییەوە بێت. واتە رەخنە بریتییە لە رەخنەگرتن لە داهێنانی ئەدەبی.

-رەخنە ⟵ رەخنەی ئەدەب = لێرەدا مەبەست (رەخنەی رەخنە)یە، واتە پرۆسەی رەخنەگرتن لە رەخنەی ئەدەبیدا. واتە رەخنە بریتییە لە رەخنەگرتن لە رەخنەی داهێنانی ئەدەبییەوە نەك وابەستەی خودی داهێنانەکە بێت وەك ئەوەی یەکەم.

ئەوەی لەم دکتۆرانامەیە هەستیپێدەکرێت، ناونیشانی دکتۆرانامەکە ئاماژەیە بۆ جۆری دووەمی پرۆسەی رەخنە، کەچی بەشی چوارەم کە پراکتیکییە و بۆچوونە رەخنەییەکانی توێژەر زیاتر لەم بەشەدا بەرچاودەکەن، بەسەر هەردوو جۆری پرۆسە رەخنەییەکەدا دابەشبووە. پاری سێیەمی سەربە جۆری یەکەمی پرۆسەی رەخنەیە، پاری چوارەمی سەربە جۆری دووەمی پرۆسەی رەخنەیە. ئەمەش لێکدژییەکی لە ناونیشان و ئامانج و ئەنجام و ستراتیژییەتی کاری توێژینەوەکەدا هێناوەتەکایەوە.

**3-2: سەرچاوەی پشتپێبەستراو:**

توێژەر لەم دکتۆرانامەیەدا بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆر بەستووە. لە سوودبینین و بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە:

-توێژەر نزیکەی (107) سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆری بە زمانی کوردی و زمانانی بێگانە بەکارهێناوە، کە سەرجەمیان ڕاستەوخۆ ناکەونە نێو خانەی رەخنەی ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییەکانەوە، بەڵکو سەر بە بواری جۆراوجۆرن، لەمانەش: توێژینەوەی ئەدەبی و رەخنەیی و تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییەکان و فەرهەنگی و زمانەوانی و فیکری و رەخنەی رەخنە و مەعریفی و ... هتد.

-توێژەر هەوڵیداوە ئەو سەرچاوانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە رەخنەی بونیادگەرییەوە هەیە بەکاربێنێت، بەڵام ئەمە زۆر بە زەقی هەستی پێناکرێت، بەڵکو زۆربەی زانیارییەکانی لەبارەی بونیادگەرییەوە لە سەرچاوەی لاوەکی بەدەستهێناوە. کە ئەمەش لەلایەکەوە، لە توێژینەوەی زانستییانە و ئەکادیمییانەدا بە کەم و کوڕی دادەنرێت و لە مەسەلەی میتۆدبەندیش لە توێژینەوەدا هەمدیس بە هەڵەیەکی کوشندە دادەنرێت، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی توێژینەوی ئەکادیمییانەی تۆکمە و توند و تۆڵ ئەوەیە کە لە توێژینەوەدا هەوڵبدرێت زیاتر ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ناونیشان و بابەتی توێژینەوەوە، نەك لایەنی تیۆر و زانیارییەکان لە سەرچاوە لاوەکییەکانەوە وەربگیرێن، یان لە سەرچاوەی لابەلا و ئەملا و ئەولا کۆبکرێنەوە، لەکاتێکدا سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و سەرەکی هەن پێوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە. کە ئەمە زۆرجار ڕێگەخۆشکەر نییە بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی میتۆدی رەخنەیی بەکارهێنراو و تێڕوانین و گۆشەنیگای رەخنەیی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا. چونکە بۆ نموونە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە رەخنەی بونیادگەرییەوە هەبێت، ئەوا ڕوئیایەك لای خوێنەر دروستدەکات بەرامبەر تێڕوانینی رەخنەیی لە توێژینەوەدا، بەمەش زۆرجار هەر لەمیانی سەرچاوەکانەوە میتۆدی رەخنەیی و شێوەی مامەڵەکردنی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەدەبدا بەدەردەکەوێت.

-لەمیانی ناساندنی بۆ رەخنەی بونیادگەری، توێژەر نەگەڕاوەتەوە بۆ نووسین و سەرچاوە و توێژینەوەکانی ڕابەرانی بونیادگەری و رەخنەی بونیادگەری، کە ئەمە گرفتی سەرەکی زۆربەی توێژینەوە ئەکادیمییەکانە لە بواری رەخنە و توێژینەوەی ئەدەبیدا، توێژەر

زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانی لەبارەی ناساندنی بونیادگەرییەوە لەو سەرچاوانەوە وەرگرتووە کە نووسەر و توێژەر و رەخنەگرانی تر لەبارەی بونیادگەرییەوە نووسیوویانن، لەم سەرچاوانەشدا بە چەند شێوەیەك باسی بونیادگەری کراوە:

•یان سەرچاوەکە ڕاستەوخۆ باسی رەخنەی بونیادگەری کردووە و تایبەتە بە رەخنەی بونیادگەرییەوە. کە ئەمەش زۆر بە کەمی بەکارهاتوون.

•یان سەرچاوەکان باسی رەخنە و میتۆدە رەخنەییەکان دەکەن و لەنێویشیاندا بونیادگەری وەك میتۆدێك رەخنەیی باسی لێوەکراوە.

•یان سەرچاوەکان لە بواری تر نووسراون و لەمیانی بابەتەکانیاندا ئاماژە بە رەخنەی بونیادگەری کراوە.

•یان سەرچاوەکان دوور و نزیك پێوەندییان بە بونیادگەرییەوە نییە، کەچی هەندێك زانیارییان تێدایە کە بۆ بونیادگەری و رەخنەی بونیادگەری دەشێ و سوودی هەیە.

دەکرا توێژەر زیاتر سوود لە نووسین و توێژینەوەکانی ڕابەرانی بونیادگەری وەربگرێت و ڕاستەوخۆ سەرچاوەکانی ئەوان بەکاربێنێت، نەك لەمیانی شرۆڤە و شیکردنەوەکانی ئەوانی ترەوە بونیادگەریمان پێبناسێنێت، کە ئەمە هەڵەیەکی ترسناکی نێو زۆربەی توێژینەوەکانە، کە بریتییە لەوەی شرۆڤە و شیکردنەوەی نووسەرانی تر یان نەوەی دووەم و سێیەمی نووسەر و توێژەرانی تر لەبارەی رەخنە و میتۆد و ڕێباز و تیۆرە ئەدەبی و رەخنەیی و هونەرییەکان بەکاربهێنرێت، لەکاتێکدا نووسین و توێژینەوەکانی دەستەی یەکەم یان ڕابەرانی ئەم رێباز و تیۆرە  ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییانە بە هەندوەرنەگیرێن. کە ئەمەش زۆرجار توێژەری توێژینەوەکە دەخاتە نێو هەڵەی تیۆری و پراکتیکییەوە و بە هەڵە و لەمیانی شرۆڤە و ڕاڤەی ئەوانی ترەوە لەم تیۆر و میتۆدە ئەدەبی و رەخنەییانە تێدەگات.

-ئەو سەرچاوانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕابەرانی بونیادگەرییەوە هەیە، بەتایبەتیش ئاراستە فۆرمالیزمییەکەی کە باڵی بەسەر ئەم دکتۆرانامەیەدا کێشاوە، ژمارەیان زۆر کەمە و زۆربەشیان تەنیا جارێك یان دووان و سیان سوودیان لێوەرگیراوە و لە پەراوێز ئاماژەیان پێدراوە. هەندێکیان بۆ ڕوونکردنەوە تەنیا لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێکراوە و سەرچاوەکانیش یان وەرگێڕدراون بۆ زمانی عەرەبی، یان بە زمانی ئیسپانی و فرەنسین.

-ڕێژەی سوودبینین و بەکارهێنانی سەرچاوەکان جیاوازە و لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر دەگۆڕێت. ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەم سەرچاوانە تا چەند حەز و پێویستی و داواکاری توێژەر لە بابەتەی لێیدەکۆڵێتەوە دابیندەکەن. هەندێك سەرچاوە هەن توێژەر زیاتر پشتی پێبەستوون و چەندین جار بەکاریهێناو، بەتایبەتیش ئەو سەرچاوانەی کە لە لایەن نووسەر و رەخنەگرانی عەرەب یان فارسەوە لەسەر بونیادگەری بەگشتی و رەخنەی بونیادگەری نووسراون و کەمتر بەلای سەرچاوە ئەوروپییەکاندا چووە، تەنیا کتێبی (بۆس البنیویە)ی (لیۆنارد جاکسون) نەبێ بەرێژەیەکی فراوانتر لەوانی تر بەکاریهێناوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە توێژەر هەوڵینەداوە رەخنەی بونیادگەری ڕاستوخۆ لە ڕابەرانییەوە یان لە توێژەر و رەخنەگرانی ئەوروپییەوە وەربگرێت، بەڵکو رەخنەی بونیادگەری لەمیان ڕاڤەی نووسەرانی ترەوە وەرگرتووە کە ڕاستەوخۆ سەر بە بونیادگەری نین. لە خوارەوە لیستی ئەو سەرچاوانەی توێژەر بە فراوانی سوودی لێوەرگرتوون دەخەینەڕوو:

| ژمارە | سەرچاوە | بەکارهێنان لە مەتن و پەراوێزدا |
|---|---|---|
| 1 | نظرية البنائية في النقد الادبي، د. صلاح فضل | 20 |
| 2 | ساختار و تأويل متن، بابك احمدي | 17 |
| 3 | بؤس البنيوية، ليونارد جاكسون | 14 |
| 4 | المذاهب النقدية الحديثة، محمد شبل الكومي | 13 |
| 5 | النظرية الالسونية عند رومان جاكوبسون، فاطة الطبال بركة | 9 |
| 6 | مشكلة البنية، د. فؤاد زكريا | 8 |
| 7 | في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي | 7 |
| 8 | اثر اللسانيات في النقد العربي الحديث، توفيق الزيدي | 7 |
| 9 | قضية البنيوية، عبدالسلام المسدي | 6 |
| 10 | الصوت الاخر، فاضل ثامر | 5 |

بەمشێوەیە سەرچاوەکانی تریش جارێك و دووان و سیان و چوار بەکارهێنراون. بە سەرنجدان لە خشتەیەکی لەمجۆرە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە توێژەر لە مەسەلەی ناساندن و تۆمارکردنی زانیاری لەسەر میتۆدی رەخنەی بونیادگەری پشتی بە سەرچاوە لاوەکییەکان لەبارەی رەخنەی بونیادگەرییەوە بەستووە. ئەو چەند سەرچاوەی سەرەوە کە بە نموونە هێنراونەتەوە و ڕێژەی

بەکارهێنانیان خراوەتەڕوو، جگە لە کتێبەکەی (د. صلاح فضل) و کتێبەکەی (د. عبدالسلام المسدی) (کە ئەمەیان لە لیستی سەرچاوەکانیش ئاماژەی پێنەدراوە) و کتێبەکەی (لیۆنارد جاکسۆن)، ئەوانی تر ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە رەخنەی بونیادگەرییەوە نییە. ئەمەش لەلایەکەوە، زانستیبوون و بابەتیبوونی توێژینەوەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەلایەکی تریشەوە، پێویستیبوونی میتۆدبەندییانە لە توێژینەوەدا وا پێویست دەکات کە توێژەر بۆ کارکردن لەسەر میتۆدێکی رەخنەی وا باشترە بۆ سەرچاوە بنەڕەتی و ڕاستەوخۆ پەیوەست بە خودی میتۆدە رەخنەییەکە بگەڕێتەوە و پاشخانە زانیاری و فیکری و مەعریفییەکان ڕاستەوخۆ لە دامەزرێنەر و ڕابەرانی میتۆدەکەوە وەربگرێت، ئەگەر بۆی نەکرا و سەرچاوەکانی دەستنەکەوتن، ئەوا پێویستە لە جیلی دووەم و سێیەمی توێژەر و ڕابەرانی میتۆدە رەخنەییەکەوە وەریانبگرێت و سوود لە توێژینەوە و سەرچاوەکانیان وەربگرێت، چ لە بواری تیۆرییەوە بێ، یان لە بواری پراکتیکەوە بێت.

-پێویستیبوونی میتۆدبەندییانە و تەوەر و بابەتی جۆراوجۆری نێو بەشە سەرەکییەکان وایانکردووە، توێژەر هەندێکجار سەرچاوەی تایبەت بە بوارەکانی تری دەرەوەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و میتۆدی رەخنەیی بەکاربێنێت، بۆ نموونە سوودی ۆری لەو سەرچاوانەی لە بارەی زمانەوانی نوێ و هاوچەرخەوە نووسراون و ئەنجامدراون بینیووە، ئەمەش کرایێکی سروشتییە، لەبەرئەوەی یەکێك لە سەرچاوە سەرەکی و دەوڵەمەندەکانی رەخنەی بونیادگەری بەگشتی و بونیادگەری فۆرمالیزمی؛ بریتییە لە زمانەوانی نوێ و هاوچەرخ.

-زۆربەی سەرچاوەکان (جگە لەو سەرچاوانەی ڕاستەوخۆ باسی بونیادگەری و رەخنەی بونیادگەرییان کردووە) ناچنە نێو هیچ میتۆدێکی رەخنەیی دیاریکراوەوە. ئەمەش زۆرجار خوێنەر و توێژەر تووشی کێشەدەکەن، بەتایبەت ئەگەر خوێنەر یان توێژەر بیەوێت لەڕێی سەرچاوەکانەوە میتۆدبەندی و تێڕوانین و گۆشەنیگا و شێوازی کارکردن و توێژینەوەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا دەستنیشانبکات.

-سەرچاوەکان لەم دکتۆرانامەیەدا بە دوو شێوە بەکارهێنراون، بەشێکیان لەنێو مەتنی نامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە و لە پەراوێزدا سەرچاوەکە خراوەتەڕوو. بەشەکەی تریان تەنیا لە پەراوێزدا بەکارهێنراون و بۆ ڕوونکردنەوەی وشە و زاراوەیەك، یان چەمك و پێناسەیەك، یان زانیارییەك سوودیان لێوەرگیراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی توێژەر نەیویستووە ئەم زانیارییانە ڕاستەوخۆ بخاتە نێو مەتنی توێژینەوەکەیەوە و لە لیستی سەرچاوەکانیشدا ئاماژەی پێنەکردوون. سەرچاوەش هەیە لە دکتۆرانامەیەدا کە توێژەر لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێکردووە، کەچی بۆ تەنها جارێکیش بەکارینەهێناوە، بۆ نموونە نامەی ماستەری (هەڤاڵ سەلیم تەیب ئاکرەیی) بەناوی (بونیادگەری دناڤ ڕەخنا کوردیدا)، کە لەڕووی مێژووەوە پێش ئەم دکتۆرانامەیە نووسراوە. هەروەها سەرچاوە هەیە توێژەر چەندینجار بەسەریەکەوە بەکاریهێناوەتەوە بێ هیچ ناوبڕێك، بۆ نموونە کتێبەکەی (لیۆنارد جاکسۆن) بەناوی (بؤس البنيوية) حەوت جار بەسەریەکەوە بەکاریهێناوەتەوە (حسێن: 2007، 60-62). یان کتێبەکەی (د. ابراهيم خليل محمود)ی بەناوی (النقد الادبي الحديث من المحاكات الى التقليد)ی چوار جار بەسەر یەکەوە بەکارهێناوە (حسێن، 2007، 101). ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی نووسینی توێژینەوەی ئەکادیمییانەدا ناگونجێت و کارێکی نابابەتییانەیە و ناکرێت سەرچاوەیەک چەندین جار بێ پچڕان بەسەر یەکەوە بەکاربهێنریت و سەرچاوەی تر پشتگوێ بخریت و بەکارنەهێنرێت.

-لایەنێکی گرنگی ئەم تەوەرە، بریتییە لە چۆنێتی سوودوەرگرتنی توێژەر لەو سەرچاوانەی بەکاریهێناون و ئەو شوێن و بابەتەی بۆی بەکارهێناون بۆ مەبەستی خستەنەڕووی زانیارییەکان و پاڵپشتیکردنی بۆچوونەکانی. ئەوەی لەم دکتۆرانامەیەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە توێژەر لە زۆر شوێنی توێژینەوەکەیدا لە مەسەلەی سوودبینینی لە سەرچاوەکاندا، تووشی جۆرێك لە بێ بەرنامەیی و کاری هەڕەمەکی بووە و بەشێکی زانیارییەکانی کە وەریگرتوون و بەکارهێناون هیچ پێوەندییەکی لۆژیکی بە پەرەگرافەکانی پێش و دوای خۆی نایبەستێتەوە. دەشێ ئەمانە لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکەینەوە (بڕوانە: حسێن، 2007، 16،13،12،11، 17، 18، 19، 21، 22، 23، 26-38، 52، 53، 54، 70، 71، 80، 81، 82، 83، 84، 85، 86، 87، 88، 89، 90، 91، 92، 101، 105، 106، 113، ... هتد):

•لە چەندین شوێنی توێژینەوەکەیدا هیچ شیکردنەوە و شرۆڤەیەکی بۆ ئەو زانیارییانە نەبووە کە بەکاریهێناون، زۆربەی جار زانیاری سەرچاوەکانی بەیەکترییەوە بەستونەتەوە، بێئەوەی خۆی هیچ قسەیەکیان لەبارەوە بکات.

•زۆرجار زانیارێکی لە سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە و دوای ئەویش زانیارێکی تری لە سەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە، لە کاتێکدا ئەم دوو زانیارییە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە نییە و هەریەکەی مەبەستی شتێکی ترە و باسی دوو بابەتی جیاوا لە یەکتر دەکەن. لەکاتێکدا لە نووسینی تۆکمە و زانستییانەدا دەبێت نووسین و پەرەگراف و سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکانیان و ئەو زانیارییانەی نێو سەرچاوەکان کە تێیدا بەکاردێن پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەبێت.

•جاری وا هەیە ناونیشانی تەوەر و بابەتەکەی شتێکە و زانیاری نێو مەتنی تەوەرەکە و ئەو سەرچاوانەش کە بۆی بەکارهاتوون شتێکی تر دەڵێت، بەمانایەکی تر تێکەڵی و نەبوونی پێوەندییەکی لۆژیکییانە بە نووسین و زانیارییەکانەوە دیارە و خوێنەر هەر زوو هەست بەوە دەکات کە زنجیرەی بیر پچڕاوە و زانیارییەکان پچڕ پچڕ بوون.

**4-2: کەرەستەی لێتوێژراو:**

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم دکتۆرانامەیە لە دوو بواری جیاوازدا کاریکردووە، وەك پێشتریش ڕوونکراوەتەوە، بوارێکیان پێوەندی بە رەخنەی ئەدەبییەوە هەیە، هەرچی بوارەکەی ترە پێوەندی بە رەخنەی رەخنەوە هەیە. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە کەرەستەی هەردوو بوارەکە جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، چونکە کەرەستەی رەخنەی ئەدەبی بریتییە لە تێکستی ئەدەبی، کەچی کەرەستەی رەخنەی رەخنە بریتییە لە تێکستی رەخنەیی کە لەسەر تێکستی داهێنراو نووسراوە. بەمەش سروشتی توێژینەوە و میتۆد و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم دوو تێکستەدا جیاوازە. لەم دکتۆرانامەیەدا لە بەشی چوارەمیدا هەردوو کەرەستە بوونی هەیە، بە جۆرێك کە پاری سێیەم تایبەتە بە پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری لەسەر تێکستی شیعری و پاری چوارەم و کۆتایی تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی ئەم میتۆدە رەخنەییە لە رەخنەی شیعری کوردیدا. ئەوەی پێوەندی بە ئێمەوە هەبێت پاری سێیەم و ئەو تێکستە شیعرییانەن کە توێژەر بە نموونە وەریگرتوون و هەوڵیداوە رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمییان بەسەردا پراکتیزەبکات. توێژەر تەنیا سێ تێکستی شیعری وەرگرتووە، کە ئەمانەن:

-تێکستی (ئازادی)ی (شێرکۆ بێکەس)

-تێکستی (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت)

-تێکستی (لە دوورترین گوندیشا)ی (قوبادی جەلی زادە) (حسێن، 2007، 132-147).

جگە لەم سێ تێکستە، توێژەری نامە هیچ تێکستێکی تری وەرنەگرتووە و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی نە لە پێشەکی و نە لە مەتنی نامەکەدا لەبارەی هەڵبژاردنی ئەم سێ تێکستەوە نەداوە و ئەوەی ڕوونەکردۆتەوە چۆن و بۆچی و لەبەر چ تایبەتمەندییەك و لەسەر چ پێوەر و بنەمایەك تەنیا ئەم سێ تێکستە شیعرییەی هەڵبژاردووە و چ هۆکارێك پاڵنەربووە بۆئەوەی تەنیا ئەم سێ تێکستە شیعرییە بە نموونە وەربگرێت. لە کاتێکدا توێژەر ماوەی بۆ توێژینەوەکەی دیارینەکردووە و ڕاشینەگەیاندووە لە پراکتیکدا پشت بە چ جۆرە تێکستێکی شیعری و هی چ شاعیرێك و چ سەردەمێك دەبەستێت. کە ئەمەش یەکێکی ترە لە خەوشەکانی ئەم توێژینەوەیە.

بە وردبوونەوە لەم سێ تێکستە شیعرییە بە نموونە وەرگیراوەی نێو ئەم دکتۆرانامەیە، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت:

-هەرسێ تێکستە شیعرییەکە سەر بە قۆناغی شیعری هاوچەرخی کوردییە و هی سێ شاعیری کوردن کە دەکەونە نێو قۆناغی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە. بەمەش توێژەر نموونەی شیعری قۆناغەکانی تری شیعری کوردی فەرامۆشکردووە. ئەمەش ڕەنگبێت ئەوەی لێبفامرێتەوە کە میتۆدە رەخنەییە نوێیەکان لە توانایاندا نەبێت تێکستی شیعری قۆناغەکانی تری شیعری کوردی شیبکاتەوە و لێبکۆڵێتەوە. وەك ئەوەی ئەم بۆچوونە لە رەخنەی شیعری عەرەبیشدا باوبووە کە دەوترێت رەخنەی نوێ بەرامبەر شیعری کۆن دەستەوەستانە و بۆ یەکتر ناگونجێن. دەکرا شاعیر بۆ هەر قۆناغێکی شیعری کوردی نموونەیەکی شیعری بهێنایەتەوە و رەخنەی بونیادگەری بەسەردا پراکتیزەبکات، لە کاتێکدا هیچ ماوەیەکی بۆ توێژینەوەکەی دیارینەکردووە.

-توێژەر ئەو تێکستە شیعرییانەی هەڵبژاردووە کە سروشت و تایبەتمەندی و شێوەی پێکهاتنیان لەمیانی ڕەگەزە ناوەخۆییەکان و ئەو پێوەندییانەی بەیەکەوەی بەستوونەتەوە گونجاون بۆ ئەو میتۆدە رەخنەییەی هەر لە ناونیشانەوە ئاماژەی بۆ کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە بەشە پراکتیکییەکەیدا میتۆدەکەی بەسەردا پراکتیزەکردوون، ئەمەش لەو مونتەڵەقەوە کە هەر تێکستێکی ئەدەبی بەپێی سروشت و جۆر و تایبەتمەندییەکانییەوە بڕیاردەدات چ جۆرە میتۆدێکی رەخنەیی بەسەردا پراکتیزەبکرێت.

-تێکستە شیعرییە هەڵبژێردراوەکان لەگەڵ ئامانجەکانی توێژەر کە لە پێشەکیدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردوون کە بریتییە لە ناساندنی رەخنەی بونیادگەری لە ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا یەکدەگرنەوە و بەو تایبەتمەندییانەی هەیانە لە ئاستە پراکتیکییەکەیدا ڕۆڵیان لە ناساندنی رەخنەی بونیادگەریدا هەیە.

-سروشت و تایبەتمەندی و پێکهاتەی تێکستی لێتوێژراو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تەنیا جۆرێکی رەخنەی بونیادگەری لە توانایدا هەیە میکانیزم و هەنگاوە پراکتیکییەکانی بەسەر تێکستە شیعرییەکاندا پراکتیزەبکرێن، کە ئەویش رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمییە. لە وەسف و شیکردنەوەی تێکستەکانیشدا باشتر ئەمە ڕوونکراوەتەوە.

-ناتوانرێت رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی بەسەر هەموو تێکستێکی شیعریدا پراکتیزەبکرێت مادام سروشت و تایبەتمەندی و شێوەی پێکهاتنی تێکستە شیعرییەکە بۆ ئەم جۆرە رەخنەیە گونجاونەبێت، بۆیە دەبینین توێژەریش لەم ڕوانگەیەوە تێکستەکانی هەڵبژاردووە.

**5-2: چوارچێوەی میتۆدبەندیی و هۆشیاری پراکتیزەکردن:**

ئەوەی جێگای سەرنجە توێژەری ئەم دکتۆرانامەیە نە لە ناونیشانی توێژینەوەکەی و نە لە پێشەکی و نە لە هیچ شوێنێکی توێژینەوەکەیدا بە دێڕێکیش ئاماژەی بەوە نەداوە کە لەم دوو جۆرەی رەخنەی بونیادگەری مەبەستی کامیانە. ئەگەرچی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی بە هەموو بنەما رەخنەیی و میکانیزم و هەنگاو و تایبەتمەندییەکانییەوە بە تەواوی باڵی بەسەر نامەکەدا کێشاوە، بەڵام توێژەری هەتا ئاماژەی بەوەش نەکردووە کە لە توێژینەوەکەیدا زیاتر مەبەستی ئەم باڵەی بونیادگەرییە. خوێنەر یان رەخنەگری رەخنە کاتێك لە مەسەلەی ئامادەبوونی تێروانینی میتۆدبەندییانە لەم نامەیەدا وردەبێتەوە ئەوا لە چەند جەمگەیەکی جیاوازی ئەم نامەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە مەبەست زیاتر ئەم باڵەی رەخنەی بونیادگەرییە، جومگەکانیش ئەمانەن:

-ناونیشانی توێژینەوەکە

-پێشەکی توێژینەوەکە

-مەتنی توێژینەوەکە: لەمیانی بابەت و تەوەری بەشە جیاوازەکان.

-بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە

-ئەنجامی توێژینەوە

لێرەدا سروشت و جۆری ئەو بابەت و چەمك و زاراوە و بنەمای رەخنەیی و زانیارییانەی لە بەش و تەوەرەکاندا خراونەتەڕوو زیاتر ئاماژەن بۆ رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی و لە بەشی چوارەمی توێژینەوەکەشدا هەر ئەم میتۆدە رەخنەییە بەسەر تێکستەکاندا پراکتیزەکراوە.

توێژەر لە پێشەکی دکتۆرانامەکەیدا تەنیا باسی (بابەتی نامەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، گیروگرفت، پرۆگرامی کارەکە)ی کردووە (حسێن، 2007، 1-2)، هیچ ناونیشانێك بۆ (میتۆدی رەخنەیی، رێبازی توێژینەوە) بوونی نییە، توێژەر نەیوتووە کە مەبەستی کام باڵی رەخنەی بونیادگەرییە، لە کاتێکدا ڕوونکردنەوەی میتۆدی رەخنەیی توێژینەوەکە و ئەو رێبازەی لە توێژینەوەکەدا گیراوەتەبەر لە پێشەکیدا کارێکی گرنگ و بابەتی و زانستییانەیە و ڕادەی هۆشیاری توێژەر لەمەڕ مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆدی رەخنەیی و ڕێبازی توێژینەوەدا پشاندەدات. توێژەر تەنیا لە بابەتی نامەکەدا دەڵێت: ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتۆد و پرەنسیپەکانی رەخنەی بونیادگەری (حسێن، 2007، 1). کە ئەمە ئاماژەدانێکی گشتییە و لە چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدە رەخنەییەکەدا دەخولێتەوە و دیاریکردنی تێدا نییە. هەر لە پێشەکیدا توێژەر لە بابەتی پرۆگرامی کارەکەیدا دەڵێت: ((بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە بە پێی پرۆگرامێکی هەمەلایەنە کاربکەین))(حسێن، 2007، 2). توێژەر ئەوەی ڕوونەکردۆتەوە کە مەبەستی لە پرۆگرامی هەمەلایەنە چییە؟ ڕەنگبێت توێژەر مەبەستی پلانی توێژینەوەکەی و سروشت و جۆر و تایبەتمەندی ئەو بابەتانە بێت کە لە بەشەکانی توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوون. دەنا لە بواری رەخنەی ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییەکان و تەنانە ڕێبازی توێژینەوەشدا شتێك بەناوی کارکردن بە پرۆگرامی هەمەلایەنە بوونی نییە. دەشێ دەربڕین و شێوەی کارکردنی لەم جۆرە لە میتۆدی رەخنەی تەواوکاری (التكاملي)دا بوونی هەبێت، یان لەو توێژینەوانەی کە پێڕەوی هیچ میتۆدێکی رەخنەیی ناکەن و بایەخ بە زۆربەی لایەنە جیاوازەکانی تێکستی ئەدەبی هەبێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لێرەدا توێژەر مەبەستێتی. لەلایەکی ترەوە، ئەگەرچی هەندێکجار توێژەر هەوڵیداوە لە چوارچێوەی رەخنەی بونیادگەریدا بچێتەدەرەوە و باسی هەندێك لایەنی تر بکات کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بونیادگەرییەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ تێروانین و پرۆگرامێکی هەمەلایەنانە نابینین کە بەسەر تێکستە شیعرییەکاندا پراکتیزەکرابێت، چونکە دواجار توێژەر وەك جەستەیەکی زمانی مامەڵەی لەگەڵ تێکستە شیعرییەکاندا کردووە.

لێرەدا دەشێ بپرسین ئەی چۆن خوێنەر یان رەخنەگری رەخنە درك بەوە بکات کە توێژەری نامەکە سوودی لە کام جۆری رەخنەی بونیادگەری وەرگرتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە و توێژەر لە دوو لایەنەوە دەتوانێت درك بەم کێشەیە بکات و یەکلاییشی بکاتەوە. دەبێت توێژەر لە مەتنی نامەکەدا سەرنج لە دوو ئاست بدات، کە بریتین لە:

-بەشی تیۆری توێژینەوەکە

-بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە

ئەوی پێوەندی بە یەکەمیانەوە هەیە، رەخنەگری رەخنە یان خوێنەر دەتوانێت سەرنجی بەش و تەوەر و بابەتەکانی ئەم بەشە بدات و هەر لە سروشت و تایبەتمەندی و جۆری بابەتە باسکراوەکانەوە بۆی دەردەکەوێت کە توێژەر مەبەستی کام جۆری رەخنەی بونیادگەرییە. لە کۆی (12) تەوەر و بابەتی نامەکە، (7) بابەتیان کە بە چڕی باسکراون پێوەندییان بە (بونیادگەری فۆرمالیزمی)یەوە هەیە. (4) بابەتیشیان پێوەندی بە بونیاد و بونیادگەری بە چەمکە گشتییەکەیەوە هەیە. تەنیا یە تەوەر بۆ (رەخنەی پێکهاتوویی)

تەرخانکراوە. هەروەها بەشی دووەمی نامەکە کە بۆ سەرچاوە و باکگراوندی بونیادگەری تەرخانکراوە، پێوەندی بە رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمییەوە هەیە، نەك بونیادگەری بە گشتی و رەخنەی بونیادگەری پێکهاتوویی.

هەرچی بەشە پراکتیکییەکەی نامەکەیە، ئەوا خوێنەر بە سەرنجدانێکی ورد و لێهاتووانە بۆی دەردەکەوێت کە توێژەری نامەکە تەنیا وەك جەستەیەکی زمانی وەسفی تێکستە شیعرییەکانی کردووە و شیکردنەوەیەکی ناوەخۆیی (التحلیل المحایپ)ی بۆ بونیاد و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تێکستە شیعرییەکان کردووە و جەختی لەسەر پێوەندییەکانی ناوەوەی ڕەگەزەکانی ناوەوەی تێکستەکان کردۆتەوە (حسێن، 2007، 123-147). هەمووو ئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن کە مەبەستی توێژەر لەو رەخنە بونیادگەرییەی لە نامەکەیدا پراکتیزەیکردووە، رەخنەی (بونیادگەری فۆرمالیزمی)یە.

یەکێکی تر لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم نامەیە بۆتەوە ئەوەیە کە توێژەر نەك هەر ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە جۆری رەخنە بونیادگەرییەکەی نەکردووە، بگرە لەنێو ئەم جۆرەی بونیادگەریشدا ئاماژەی بەوە نەکردووە کە لە پراکتیککردنیدا بە بۆچوون و تیۆر و میکانیزمی رەخنەی کام ڕابەری رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی کاردەکات و کامەیان پەسند دەکات. چونکە ئاشکرایە کە هەر میتۆدێکی رەخنەیی جگە لەوەی پاشخانێکی فەلسەفی و مەعریفی خۆی هەیە و تیۆرێك یان چەند تیۆرێك پاڵپشتی لێدەکەن، ئەوا چەندین توێژەر رەخنەگریش هەن کە سەر بەم میتۆدە رەخنەییەن و لە چوارچێوە گشتییەکەی میتۆدە رەخنەییەکە و بنەما رەخنەیی و میکانیزمە گشتییەکانی میتۆدەکەدا یەکدەگرنەوە، کەچی هەر یەکەیان باوەڕی بە تیۆرێك و کۆمەڵێك بۆچوون هەیە و میکانیزمی کارکردنیان لەسەر تێکست و جۆر و سروشتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ تێکست و ئەو هەنگاوە بنەڕەتییانەی لە بواری کردەییدا دەیانگرنەبەر ئەو تێڕوانینەی لێیەوە لە تێکست دەڕوانن جیاوازە و لە چوارچێوە تایبەتییەکەی میتۆدە رەخنەییەکەدا جیاوازن. بۆیە ئەگەر هاتوو توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بۆچوونی یەکێك لە ڕابەر و رەخنەگرانی میتۆدێکی رەخنەیی وەربگرێت و لەژێر ڕۆشناییاندا کاربکات، ئەوا توێژینەوەکەی چڕتر و وردتر دەبێت و چوارچێوەیەکی تۆکمە و توند بۆ توێژینەوەکەی دیاریدەکات و توێژینەوەکەی زیاتر زانستییانەتر و بابەتییانەتر دەبێت (بە مەرجێك بتوانێت توێژینەوەیەکی زانستییانەی بابەتییانەی ورد و سەرکەوتوو لە سنووری میتۆدی کارپێکراودا ئەنجامبدات). لەم دکتۆرانامەیەدا تێبینی ئەمە ناکرێت، بەڵکو چوارچێوە گشتییەکەی ئەم میتۆدە رەخنەییە وەرگیراوە و کۆمەڵێك زاراوە و ڕێکاری و میکانیزم و هەنگاوی کردەیی جیاوازی بونیادگەری فۆرمالیزمی پێڕەوکردووە.

**6-2: مومارەسەی رەخنەیی (الممارسە النقدیە):**

لەم بەشەدا جەخت لەسەر چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەنگاوەکانی مومارەسەی رەخنەیی لەم دکتۆرانامەیەدا دەکەینەوە، ئەویش لەمیانی سێ پرۆسەی تر کە چۆنێتی پشتپێبەستن و سوودوەرگرتنی توێژەر لە میتۆدی رەخنەیی پشتپێبەستراومان بۆ ڕووندەکاتەوە. سێ پرۆسەکەش بریتین لەمانە:

•ڕێکخستن

•وەسف

•میکانزمەکانی شیکردنەوە و وەسفکردن.

**1-6-2: ڕێکخستن:**

توێژەری ئەم دکتۆرانامەیە هەوڵیداوە بەش و تەوەر و بابەتەکانی نامەکەی لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی میتۆدبەندییانەوە ڕیکبخات. بە مانایەکی تر، ڕێکخستنی تەوەر و بابەتەکانی ئەم دکتۆرانامەیە پەیوەستە بەو میتۆدە رەخنەییەی کە هەر لە ناونیشانی دکتۆرانامەکەوە بڕیاری لەسەر دراوە؛ کە ئەویش بریتییە لە میتۆدی رەخنەی بونیادگەری، بە تایبەت باڵی فۆرمخوازی ئەم میتۆدە رەخنەییە، کەواتە بەش و تەوەر و بابەتەکانی ئەم دکتۆرانامەیە زیاتر مۆرکێکی فۆرمخوازییانەیان بەسەردا زاڵە و سروشتی تێڕوانینە میتۆدبەندییە پشت پێبەستراوەکە بەسەر تەواوی نامەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. بە وردبوونەوە لەم دکتۆرانامەیە ئەوەان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی بەش و تەوەر و بابەتەکانی بەگوێرەی ناونیشانی نامەکە بەسەر دوو بواری جیاوازدا دابەشبووە، چونکە مەتنی نامەکە ڕاستەوخۆ ئەوەمان پێدەڵێت کە توێژینەوەکە بەسەر دوو بواری جیاواز لە یەکتر دابەشبووە. یەکێکیان پێوەندی بە رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردنەوە هەیە، کە توێژەری نامە لە سەرەتادا هەوڵیداوە رەخنەی بونیادگەریمان پێبناسێنێت و دواتریش لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەم رەخنەیەی بەسەر سێ تێکستی شیعریدا پراکتیزەکردووە (کە ئەمەیان ستراتیژییەتی سەرەکی و بنەڕەتی و داواکراوی نامەکە نییە). ئەوی تریان، پێوەندی بە بواری (رەخنەی رەخنە)وە هەیە، کە بەشی دووەمی نامەکە دەگرێتەوە و ئەمەیان ستراتیژییەت و کاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.

جۆرێك لە تێکەڵی لە چۆنێتی ڕێکخستنی تەوەر و بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بەدیدەکرێت. ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەگەرچی توێژەر لە ناونیشاندا ستراتیژییەت و میتۆدی کارکردنی نامەکەی دیاریکردووە، کەچی لەنێو مەتنی نامەکەیدا و لەمیانی هەندێك تەوەر و بابەتەوە لە کارە سەرەکییەکەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و خۆی بە هەندێك بابەتی ترەوە خەریککردووە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئامانجی نامەکە و بەشی دووەمی ناونیشانی توێژینەوەکەیەوە نییە، ئەمەش وایکردووە توێژەر سنوور و سروشتی دوو بواری جیاواز لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی و میتۆدە ڕەخنەییەکان تێکەڵبکات و لە یەکتریان جیانەکاتەوە. کە ئەوانیش بریتین لە بواری (ڕەخنەی ئەدەبی) و بواری (ڕەخنەی ڕەخنە).

ئەگەر بەنێو هەناوی ئەم دکتۆرانامەیە شۆڕبینەوە، زیاتر ئەم لێکترازانە تەکنیکی و میتۆدبەندییەمان بۆ دەردەکەوێت. ئەمە جگە لەوەی کە ناونیشانی سەرەکی بەشە سەرەکییەکان لەگەڵ هەندێك تەوەر و بابەتی نێو بەشەکاندا یەکترناگرنەوە و ناگونجێن، بگرە هەندێکجار دژیەکی لەنێوانیاندا هەیە و لە ڕێکخستنی ئەمەشیاندا تێکەڵی و لێکدژی بوونی هەیە و لە خستنەڕووی بەش بابەت و تەورەکانیشدا هەڵەی میتۆدبەندی زەق هەستپێدەکرێت. ئەگەر سەرنج لە بەشی یەکەمی نامەکە بدەین، نووسراوە (تیۆرەکانی بونیاد و بونیادگەری)، خوێنەر کاتێك ناونیشانێکی لەم شێوەیە دەبینێت بیری بۆ ئەوە دەچێت کە بونیادگەری وەکو بزاڤێکی نوێ خاوەن کۆمەڵێك تیۆری جیاوازە و هەر یەکێك لەم تیۆرانەش خاوەن سنوورێکی دیاریکراو و سروشت و تایبەتمەندی جیاکەرەوەن، کەچی توێژەر هاتووە لە پاری یەکەم و دووەمی ئەم بەشەدا مێژووی بونیاد و لە پاری سێیەمدا پێناسەکانی بونیادگەری و لە پاری چوارەمدا (بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆد و فەلسەفەوە) باسکردووە. لێرەدا توێژەر ئاماژەی بە هیچ تیۆرێکی بونیادگەری نەکردووە و سروشت و سنوور و تایبەتمەندی و مۆرکی گشتی و تایبەتی هیچ تیۆرێکی سەر بە بونیادگەری باسنەکردووە، ئەوەی هەیە تەنیا چەند پێناسە و زانیارییەکە لەبارەی بونیاد و بونیادگەرییەوە کە زۆرجاریش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و تێکەڵ پێناسەکان خراونەتەڕوو بێئەوەی توێژەر بۆچوونێکیان لەبارەوە دەرببڕێت و پێناسە هەیە لەگەڵ پێناسەی پێش و دوای خۆی ئاسمان و ڕێسمان جیاوازیان هەیە و تەنیا پێناسە بە پێناسەوە لکێنراوە بێئەوەی گونجانێك لەنێوانیاندا هەبێت و ڕێکخستن و خستنەڕوویەکی لۆژیکییانەیان بۆ بکات (حسێن، 2007، 19). تەنانەت لە پاری چوارەمیشدا توێژەر دیسانەوە چەند پێناسەیەکی تری بونیادگەری ڕیزکردووە و تێیاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بونیادگەری میتۆدە نەك فەلسەفە و لە یەك پێناسەدا تەنیا ئاماژە بەوە دەکات کە بونیادگەری بنەمای فەلسەفی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگینا لە پێناسەکانی تر ئەوە ڕەتکراوەتەوە کە بونیادگەری فەلسەفە یان قوتابخانەیەکی فەلسەفی بێت (حسێن، 2007، 20-24). توێژەر لە ناونیشانی پاری چوارەمدا دەیەوێت بونیادگەری لە ڕوانگەی میتۆد و فەلسەفەوە ڕوونبکاتەوە، کەچی بە پەرەگرافێکیش لە ڕوانگەی فەلسەفەوە باسی بونیادگەری نەکردووە و بنەما فەلسەفییەکانیشی نەخستۆتەڕوو، تەنیا یەك پێناسەی (د. فوئاد زەکەریا)ی لە توێژینەوەکەی بەناوی (الجزور الفلسفیه البنائیه) هێناوەتەوە، کە دەڵێت: بونیادگەری بنەمای فەلسەفی هەیە، تا ڕادەیەك دەبەسترێتەوە بە فەلسەفەی (کانت)ەوە. بێئەوەی توێژەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەسەر ئەم بابەتە. بەشی سێیەمی نامەکە بۆ (بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری) تەرخانکراوە. بەپێی ئەم ناونیشانە بێت، دەبوایە توێژەر باسی بنەما و تایبەتمەندییە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی بونیادگەری و سروشت و چوارچێوەی گشتی و تایبەتی ڕەخنەی بونیادگەری بکردایە، کەچی لە تەوەر و بابەتەکانی ئەم بەشەشدا هیچ ڕێکخستنێکی لۆژیکییانە بوونی نییە و تەنانە لەڕووی میتۆدبەندیشەوە تێکەڵی بە بابەتەکانییەوە دیارە و هەندێك تەوەر و بابەت هەن شوێنیان ئەم بەشە نییە و لەگەڵ سروشتی ناونیشانی بەشەکە ناگونجێن و پێویستی میتۆدبەندییانەش واناخوازێت کە لەم بەشەدا باسکرێن، کەچی بێ ڕەچاوکردنی شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان خزێنراونەتە نێو ئەم بەشەوە. بۆ نموونە؛ پاری یەکەم بۆ پرەنسیپەکانی ڕەخنەی بونیادگەری تەرخانکراوە، کەچی ڕاستەوخۆ باسی هیچ پرەنسیپێکی ئەم ڕەخنەیە نەکراوە و توێژەر ڕاستەوخۆ ناونیشانێکی تری لاوەکی بۆ داناوە بەناوی (هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی بونیادگەری) (حسێن، 2007، 77). لەم بابەتەشدا دوو بواری جیاوازی تێکەڵکردووە، کە باشتر وابوو بە جیا باسبکرانایە. توێژەر بە دانانی ئەم ناونیشانە لاوەکییە بۆ پاری یەکەم ویستوویەتی باسی هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەی بونیادگەری بۆ تێکست بخاتەڕوو، کەچی هەر لە سەرەتاوە بە (10) خاڵ هەندێك پرەنسیپ و بنەما و تایبەتمەندی گشتی و تایبەتی ڕەخنەی بونیادگەری خستۆتەڕوو، بێئەوەی باسی ئەوە بکات کە مەبەستی کام ئاراستەی بونیادگەرییە، بەڵکو تەنیا لەمیانی بنەماکانەوە دەانرێت کە مەبەستی ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیستییە (حسێن، 2007، 77-80). پاشان ڕاستەوخۆ هاتووە میکانیزمەکانی شیکردنەوە و ئاستەکانی تێکستی لە ڕەخنەی بونیادگەریدا باسکردووە، کە دەبوایە ئەمەی لە تەوەرەیەکی سەربەخۆدا باسبکردایە، نەك تێکەڵیبکات لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری، چونکە ئەمە زیاتر دەچێتە چوارچێوە تایبەتییەکەی ڕەخنەی بونیادگەری و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ تێکستدا ڕووندەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، توێژەر لە دیاریکردنی ئاستەکانی شیکردنەوەی بونیادگەرییانە بۆ تێکست، ئەوەی ڕوونەکردۆتەوە کە:

-ئایا مەبەستی لە شیکردنەوەی بونیادگەری فۆرمالیزمییە یان بونیادگەری پێکهاتوویی؟
-ئایا شیکردنەوە بەپێی ئاستەکانی تێکست بۆ هەموو ژانرێکی ئەدەبی دەستدەدات، یان نا؟

توێژەر تەنیا ئاستەکانی تێکستی لای بونیادگەراکان دیاریکردووە و هەندێك میکانیزمی بە کورتی خستۆتەڕوو (حسێن، 2007، 80-82/ 84-85). جارێ پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە لەمیانی باسکردنی ئاستەکانی تێکست و شیکردنەوەی ئاستەکان و ڕوونکردنەوەی هەندێك لەو میکانیزمانەی بونیادگەری بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستدا دەکات بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مەبەستی سەرەکی توێژەر بونیادگەری فۆرمالیزمییە. دواتریش ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی لەگەڵ ئاستەکانی تێکست و شیکردنەوەیان، یان شیکردنەوەی ئاستەکانی زمانی لە تێکستدا بە پلە یەك و بە زۆری بۆ ژانری شیعری بەکاردێت، نەك ژانرە گێڕانەوەبەندییەکان. چونکە ڕەخنەی بونیادگەری لە مەسەلەی شیکردنەوەی ئەو تێکستانەی کە گێڕانەوەبەندییان بەسەردا زاڵە تەکنیك و میکانیزم و هەنگاوی پراکتیکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نموونە ئەمە لای (ڕۆلان بارت و تزڤیتان تۆدۆرۆڤ و ژیرار ژینێت و ... هتد) دەردەکەوێت. هەر لە پارەدا باسی پێوەندی نێوان بونیادگەری و سیمیۆلۆژی دەکات، ئەمەش دیسانەوە جۆرێکە لە تێکەڵی و لێکدژی نێوان بابەت و تەوەرەکان، کە توێژەر لە چەندین جێگای دکتۆرانامەکەیدا چەند بابەتێکی جیاوازی لە تەوەرەیەکدا باسکردووە کە پێوەندی لۆژیکی و بابەتی لەنێوانیاندا نییە و پێویستی میتۆدبەندی و توێژینەوەش وا ناخوازێت کە تێکەڵبکرێن.

پاری دووەمی ئەم بەشە بۆ (بونیادگەری پێکهاتوویی) تەرخانکراوە، لێرەدا توێژەر ئەوەی ڕوونەکردۆتەوە کە بۆچی لە بەشێکدا کە تایبەتە بە بنەما و پرەنسیپەکانی ڕەخنەی بونیادگەری، باسی ئاراستەیەکی بونیادگەری بکات کە بریتییە لە بونیادگەری پێکهاتوویی (حسێن، 2007، 95-101). لە ڕاستیدا ئەم بابەتە شوێنی ئەم بەشە نییە و ئەمە هەڵەیەکی زەقی نێو نامەکەیە کە لە چەند شوێنێکی نامەکەدا دووبارەبۆتەوە کە لەڕووی ڕێکخستنی بەش و بابەت و تەوەرەکان و ڕیزکردن و بەدوایەکداهاتنی لۆژیکییانە و پەیوەستبوونی بابەتەکان بە پێش و دوای خۆیانەوە پێویستیبوونی میتۆدبەندییانە لە نامەکەدا وایکردووە جۆرێك لە تێکەڵی و کاری هەڕەمەکییانە بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی بابەتەکان و چۆنێتی ڕیزکردنیان بەپێی پلانێکی تۆکمەی ڕوون و ڕەوان بە توێژینەوەکەوە دیاربێت. ئەمەش زۆرجار وادەکات کە توێژەر لە مەسەلەی گرنگیدان یان فەرامۆشکردنی هەندێك بابەتی گرنگ و پەیوەستدار بە توێژینەوەکەی و میتۆدی کارپێکراوی نێو توێژینەوەکەی و مەسەلەی پراکتیزەکردنی ئەو زانیارییانەی کە لە بەشە تیۆرییەکەدا خستوونیەتەڕوو بکەوێتە هەڵە و لێکدژییەوە یان بە سادەیی بەسەر زانیارییەکاندا تێپەڕبێت. واباشتربوو توێژەر لە تەوەرەیەکی جیا و بەناوێ (ئاراستە جیاوازەکانی ڕەخنەی بونیادگەری) یان جۆرەکانی باسی بونیادگەری پێکهاتوویی بکردایە. لەلایەکی ترەوە، هەر لەم بەشە و لە پاری سێیەمدا توێژەر باسی (تەوەری هاونیشینی و تەوەری جێنیشینی) دەکات (حسێن، 2007، 102-110). لە ڕاستیدا دیسانەوە لەڕووی بنەماکانی توێژینەوەی زانستییانە و پێویستیبوونی میتۆدبەندییانە و پێوەندی لۆژیکی بابەتەکانەوە شوێنی ئەم بابەتە ئێرە نییە، چونکە ئەم بابەتی ئەم پارە تەواو زمانەوانییە و پێوەندی بە بۆچوونە زمانییەکانی (سۆسور) و (ڕۆمان جاکۆبسون)ەوە هەیە. ناشێ ئەم بابەتە لەگەڵ بابەتەکانی تری وەك (بونیادگەری پێکهاتوویی، ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری، پرەنسیپەکانی بونیادگەری)دا باسبکرێت، لەکاتێکدا هیچ پێوەندییەکی بەم بابەتانەوە نییە و هیچ پێوەیستییەکی میتۆدبەندییانە ئەمانە بەیەکترییەوە نابەستێتەوە، چونکە هەر یەکێك لەم بابەتانە لە شوێنی ڕاتێەقینەی خۆیاندا ڕۆڵی گرنگیان لە خستنەڕووی ڕەخنەی بونیادگەریدا هەیە.

پاری چوارەمی ئەم بەشە تایبەتە بە (ڕەخنەگرتن لە بونیادگەری) (حسێن، 2007، 111-121)، لەلایەکەوە لەڕووی لۆژیکییەوە و لەلایەکی ترەوە لەڕووی ڕێکخستنی میتۆدبەندییانەی بابەتەکانی توێژینەوە هەرگیز ناکرێت ناونیشانی بەش تایبەتبکرێت بە (بنەما و پرەنسیپەکانی ڕەخنەی بونیادگەری) کە تێیدا سروشت و مۆرك و تایبەتمەندی ڕەخنەی بونیادگەری ڕەوندەکرێتەوە و ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی ڕەخنەی بونیادگەری بە ئاراستە گشتی و تایبەتییەکەیەوە هەیە، کەچی تەوەرەیەکی ئەم بەشە تایبەتبکرێت بە ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی ڕەخنەی بونیادگەری. دەبینین جۆرێك لە لێکدژی و دوورکەوتنەوە لە مەبەست و ئامانجی ناونیشانی بەشی سێیەم و پاری چوارەمی هەمان بەشدا هەیە و ناونیشانی پاری چوارەم ڕەنگدانەوەی ئامانج و مەبەستی بەشەکە نییە. بەشێوەیەکی گشتی، تەوەر و بابەتەکانی بەشی شێیەم نالۆژیکییانە و بێ ڕەچاوکردنی سروشت و تایبەتمەندی و پێگەی بابەتەکان و ئەو ڕۆڵەی لە ناساندنی ڕەخنەی بونیادگەریدا دەیگێڕن و پێوەندییان بە ئامانجی ناونیشانی سەرەکی بەشەکەوە کۆکراونەتەوە، لە کاتێکدا سێ ناونیشانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بابەت و مەبەستی سەرەکی بەشەکەوە نییە و هیچ گونجانێکی بابەتی و هونەری و تەکنیکی یان پێوەندی بەش بە گشت لەبەرچاونەگیراوە و بابەت و بیری تەوەرەکان تەواو لە یەکتر جیاوازن.

هەرچی بەشی چوارەم و کۆتاییە ئەوا سەرنجە ڕەخنەییەکانی توێژەر و هەنگاوە پراکتیکییەکانی تێدا چڕبۆتەوە، چونکە بەشە پراکتیکییەکەی دکتۆرانامەکە لە بەشی چوارەمدا لە دوو پاردا خراوەتەڕوو. ئەم بەشە بەسەر چوار پاردا دابەشکراوە و وەکو

بەشەکانی تر تووشی جۆرێك لە پەشێوی لە ڕێکخستن و نەگونجانی لەگەڵ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە و ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکە بۆتەوە. ناونیشانی ئەم بەشە بریتییە لە (بونیادگەری لە بواری پراکتیکدا) (حسێن، 2007، 122). ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێتەوە کە توێژەری نامە مەبەستی ئەوەیە کە رەخنەی بونیادگەری بەسەر تێکستدا پراکتیکبکات، چونکە دیارینەکردووە مەبەستی لە بواری پراکتیکدا لە بواری توێژینەوەی تێکستی شیعرییە، یان رەخنەی بونیادگەری لەسەر ئاستی پراکتیکدا لە بواری رەخنەی رەخنەیە. جارێ پێش هەموو شتێك ناونیشانی بەشەکە لەگەڵ بەشی دووەمی ناونیشانی دکتۆرانامەکە کە (رەخنەی شیعری کوردی بە نموونە)یە تەواوجیاواز و ناکۆکە و دوو ئامانج و مەبەستی جیا لە ناونیشانی بەشی چوارەم و ناونیشانی لاوەکی و دووەمی دکتۆرانامەکەدا هەیە، چونکە (بونیادگەری لە بواری پراکتیکدا کە ناونیشانی گشتی بەشی کۆتایی توێژینەوەکەیە، واتە پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا و ئەمەیان دەچێتە بواری (رەخنەی ئەدەبی)یەوە، خۆ ئەگەر بیوتایە (بونیادگەری لە بواری پراکتیکدا لە رەخنەی شیعری کوردیدا) ئەوکات ئەو ناونیشانە بەمشێوەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی سەرەکی و ستراتیژییەتی کارکردنی توێژینەوەکە و ناونیشانی توێژینەوەکە یەکیدەگرتەوە و کێشەیەك لەگۆڕێدا نەبوو، بەڵا بەمشێوەیەی توێژەر بەکاریهێناوە جۆرێك لە لێڵی درووستکردووە لەلایەکی ترەوە، بابەت و تەوەرەکانی ئەم بەشە بە گوێرەی ناونیشانی سەرەکی دکتۆرانامەکە بەسەر دوو بواری جیاواز و دوو ستارتیژییەتی کارکردنی جیاواز دەبەشکراون، بەمشێوەیە:

-رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن.

-رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردیدا (تەنیا بواری پراکتیزەکردن وەرگیراوە و بواری تیۆری فەرامۆشکراوە).

گەواهی ئەم دابەشکردنەش پاری سێیەم و چوارەمی توێژینەوەکەیە، بە جۆرێك کە توێژەری نامە پاری سێیەمی بۆ کارکردن لەسەر سێ تێکستی شیعری کوردی بە پێی میتۆدی رەخنەی بونیادگەری تەرخانکردووە، لە کاتێکدا لە بەشەکانی پێشووتر لەڕووی تیۆرییەوە رەخنەی بونیادگەری ناساندووە و لەم پارەشدا پراکتیزەی کردووە (لێرەدا مەبەست رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمییە). هەڵبەت ئەمەش لەگەڵ ئامانجی سەرەکی نامەکە ناگونجێت، چونکە توێژەر مەبەستێتی رەخنەی بونیادگەری (بۆ دیاریکردنی ئاراستە جیاوازەکانی رەخنەی بونیادگەری) لە رەخنەی شیعری کوردیدا بخاتەڕوو کە ئەمەیان پێوەندی بە بواری (رەخنەی رەخنە)وە هەیە. هەرچی پاری چوارەمی بەشەکەیە بۆ ئەو توێژینەوانەی لە رەخنەی کوردیدا رەخنەی بونیادگەرییان بەکارهێناوە و پراکتیزەیان کردووە تەرخانکراوە، کەواتە مەبەستی سەرەکی ئەم دکتۆرانامەیە بەپێی ناونیشانەکەی لەم پارەدا خۆیدەنوێنێت، کەچی توێژەر تەنیا چوارتوێژینەوەی بە نموونە وەرگرتووە و لە سنووری (17) لاپەڕەدا رەخنەی بونیادگەری لە بواری پراکتیزەکردن لە رەخنەی شیعری کوردیا خستۆتەڕوو، لە کاتێکدا توێژینەوە و وتاری دیکە لەمبارەیەوە بوونیان هەیە و توێژەر فەرامۆشی کردوون (حسێن، 2007، 148-164). کێشەکە لەم پارەدا لە چەند ڕووێکەوە دەردەکەوێت، لەلایەك، تەنیا لایەنی پراکتیکی وەرگرتووە و لایەنی تیۆری فەرامۆشکراوە لە کاتێکدا ناونیشانی دکتۆرانامەکە ڕوونە و دەڵێت (لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن)، کەواتە دەبوایە توێژەر هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردی وەربگرتایە. لەلایەکی ترەوە، لە ناونیشانی دکتۆرانامەکەدا ماوە و سنووری توێژینەوە دیارینەکراوە و لە پێشەکیش ئاماژە بە هیچ نەدراوە لەمبارەوە، بۆیە توێژەر دەبوایە هەموو یان زۆربەی زۆری ئەو وتار و توێژینەوە و نووسینانەی وەربگرتایە کە لەسەر رەخنەی بونیادگەری بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی نووسراون، نەك گوڵبژێرییێك تەنیا لەسەر ئاستی پراکتیکی بۆ توێژینەوە و وتارەکان بکات و بیانخاتەڕوو، بە بێئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەمبارەوە بدات بە دەستەوە یان ستراتیژییەت و میتۆدی کارکردنی خۆی لە هەڵبژاردنی کەرەستەی توێژینەوەکەی بخاتەڕوو.

پاری یەکەمی بەشی چوارەمیشی بۆ (دەنگدانەوەی بونیادگەری لەنێو نووسەر و رەخنەگرانی عەرەب و رەخنەگرانی عێراق) تەرخانکردووە. لە کاتێکدا بەشەکە بەگشتی بۆ رەخنەی بونیادگەری لە رەخنەی شیعری کوردی تەرخانکراوە (حسێن، 2007، 123-127)، ئە پارە هیچ پێوەندییەکی بەم بەشەوە نییە، تەنیا لەو ڕووەوە نەبێت کە رەخنەی بونیادگەری لەڕێی ڕۆشنبیری و رەخنەی عەرەبی و عێراقییەوە هاتە نێو رەخنەی کوردی و دەکرا توێژەر هەر لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا کە بۆ (بونیادگەری و گوتاری رەخنەی کوردی) تەرخانیکردووە بە کورتی باسی بونیادگەری لە رەخنەی عەرەبی و کاریگەری بەسەر سەرهەڵدانی ئەم رەخنەیە لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا بکردایە.

**2-6-2: وەسف:**

وەسفکردنی کەرەستەی لێتوێژرداو لەم نامەیەدا زیاتر وەسفێکی هەڵبژێردراوە، بەو مانایەی توێژەر تەنیا ئەو تێکستە شیعرییانەی هێناوەتەوە و رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی بەسەردا پراکتیزەکردوون کە لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی ناونیشانی توێژینەوەکەی و میتۆدە رەخنەییەکەیدا دەگونجێن و جۆرێك لە گونجان و ڕێککەوتن و هەماهەنگییان بە لایەنی پراکتیکی و توێژینەوەکە داوە،

ئەگەرچیش توێژەر ڕوونی نەکردۆتەوە بۆچی ئەم تێکستە شیعرییانەی بە نموونە وەرگرتووە، بەڵام هەر لە پراکتیزەکردنی بونیادگەری فۆرمالیزمی بەسەر شیعرەکاندا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئەم تێکستە شیعرییانە ئەو تایبەتمەندی و مۆرك و سرووشتەیان هەڵگرتووە کە لەگەڵ تایبەتمەندی و سرووشتی میتۆدە رەخنەییە پێرەوکراوەکەدا دەگونجێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە سرووشتی تێکستە شیعرییە لێتوێژراوەکانی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی چۆنێتی بەکارهێنانی زمان و مامەڵەکردنی شاعیرەکان لەگەڵ زمانە شیعرییەکەیاندا و گونجاندنیان لەگەڵ ڕەگەز و بونیادەکانی تری نێو تێکستە شیعرییەکاندا لەنێو بونیادە گشتییەکەی شیعرەکاندا ئەو تایبەتمەندییەی پێبەخشیوون کە بشێ میتۆدێکی رەخنەیی فۆرمخوازی وەك بونیادگەری فۆرمالیزمییان بەسەردا پراکتیزەبکرێت. بەمەش توێژەری ئەم نامەیە (گۆشەی چارەسەر)ی بۆ ئێمە ڕوونکردۆتەوە کە بریتییە لە گۆشەیەکی هەڵبژاردەیی (زاویه انتقائیه)، ئەمەش لەبەرئەوەی لەم گۆشەیەوە بۆ تێکستە شیعرییەکان چووە کە ئەویش لایەنی (فۆرم)ی تێکستەکانە، بەبێ ڕاڤەکردنی مەبەست و ناوەرۆکی تێکستەکان بە گەڕاندنەوەیان بۆ چوارچێوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایدیۆلۆژییەکان. بەڵام جارجارە توێژەر لەم گۆشەی چارەسەرکردن و خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکان لایداوە و خوێندنەوەیەکی دەرەکی بۆ تێکستەکان کردووە، بۆ نموونە ئەم جۆرە خوێندنەوەی بۆ شیعری (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت) و شیعری (لە دوورترین گوندیشا)ی (قوبادی جەلی زادە) کردووە (حسێن، 2007، 144/141)، ئەگەرچی تێیاندا قوڵنەبۆتەوە، تەنیا سەرپێییانە خوێندنەوە و ڕاڤەیەکی دەرەکی بۆ مەبەستی شیعرەکان کردووە، بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ سروشتی میتۆدی پێرەوکراو ناگونجێت. ئەوەی لەم پارەدا تێبینیدەکەین ئەوەیە کە وەسفی رەخنەیی مەودایەکی فراوانی لەم پارەدا داگیرکردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی توێژەر میکانیزم و هەنگاوەکانی میتۆدە رەخنەییەکەی بەسەر شیعرەکاندا پراکتیزەکردووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو وەسفە رەخنەییەی لەو پارەدا زاڵە پێوەندی بە سروشت و تایبەتمەندی ناونیشانی پارەکەوە هەیە کە بۆ پرۆسەی رەخنەیی پراکتیکیی تەرخانکراوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕوونبکرێتەوە بریتییە لە چۆنێتی وەسفکردنی مەتنی لێتوێژراو و ئەو پرۆسانەی کە پێیدا تێپەڕبووە تاوەکو لەگەڵ بۆچوون و مەبەست و ئامانجەکانی توێژەردا بگونجێت. توێژەر هەوڵیداوە ئەو تێکستە شیعرییانەی بە نموونە وەریگرتوون وەك کۆگایەك بۆ هەموو کەرەستە و میکانیزمە میتۆدبەندییەکانی میتۆدە رەخنەییە بڕیارلێدراوەکەی ئەم دکتۆرانامەدا بەکاربێنێت. وەسفە رەخنەییەکەش کەوتۆتە ژێر کاریگەری یەك جۆر وەسف و شیکردنەوەوە، کە ئەویش بریتییە لە دەرهێنانی بونیادی گشتی و بەشەکی شیعرەکان، هەروەك لای بەشێك لە توێژەر و رەخنەگرانی عەرەب و کورد باوبووە و توێژەری ئەم نامەیەش هەمان میکانیزمی بەکارهێناوە، پاشانیش لە شیکردنەوەی ئەم بونیادە گشتی و بەشەکییەی شیعرەکاندا پشتی بە هەنگاو و میکانیزمەکانی شیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی زمان و تێکست بەستووە (حسێن، 2007، 132-138/ 139-142/ 143-147). لەم پێناوەشدا توێژەر هەوڵیداوە سوود لە پاشخان و زانیاری زمانەوانی ببینێت و زاراوە و کەرەستە و میکانیزمە زمانییەکانی بۆ پرۆسە رەخنەییە پراکتیکییەکەی بەکارهێناوە، بەڵام شیکردنەوە زمانییەکەیدا زۆر ورد و قوڵ نەبۆتەوە و تەنانەت هەندێکجار واپێدەچێت کە پاشخانی زانیاری لەبارەی ئاستەکانی زمانەوە لاوازە. ئەگەرچی هەندێك جار لێرە و لەوێ لە توێژینەوەکەیدا لە بەکارهێنانی ئەم زانیارییە دەرەکییانەی دەرەوەی ئەدەب ورد و قوڵ نەبووە و هەندێکجار بەشێوەیەکی ساکار و سەرپێییانە پرۆسەی وەسف و شیکردنەوەکەی ئەنجامداوە. جگە لەمەش تێبینی ئەوە دەکەین کە لەم بەشە پراکتیکییەی ئەم توێژینەوەیەدا، وەسفە رەخنەییەکە لە چوارچێوەی گشتی و بنەما و پرەنسیپە گشتییەکانی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیستیدا دەسورێتەوە. بەومانایەی ئەم توێژینەوەیە خۆی بەدوورگرتووە لەوەی پێرەوییەکی تەواوەتی و هەنگاو بە هەنگاوی تیۆرێکی رەخنەیی دیاریکراو یان ڕابەرێکی دیاریکراوی نێو میتۆدی ناوبراو بکات.

جیاوازی ئامادەبوونی وەسف لەم توێژینەوەیەدا لەنێوان بەشەکاندا بوونی هەیە، بە جۆرێك کە بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی توێژینەوەکە تیۆرییە و توێژەر هەوڵی ڕوونکردنەوە و ناساندن و خستەڕووی زاراوە و چەمك و بنەما و پرەنسیپ و هەنگاوەکانی بونیادگەری داوە، بۆ ئەمەش چەند سەرچاوەیەك بە زمانانی تر بوونەتە ڕێنیشاندەری توێژەر و لە زۆربەی تەوەر و بابەتەکانیدا لاساییەکی کوێرانەی ئەو سەرچاوانەی کردۆتەوە، بەتایبەتیش کتێبەکەی (صلاح فچل) بەناوی (النڤریه البنائیه فی النقد الادبی)، کە لە عورفی زانستی و رەخنەیی و میتۆدۆلۆژیدا ئەمە بە یەکێك لە خەوشەکانی توێژینەوە هەژماردەکرێت. توێژەر کاتێك باسی ئەم تەوەر و بابەتانەی تایبەت بە رەخنەی بونیادگەری کردووە، ئەمە لەبەر پێویستیبوونی ناونیشانی توێژینەوەکەوە بووە بەم تەوەر و بابەتانە و توێژەریش تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە باسیکردوون و نەهاتووە ڕاستی و دروستی و سروشت و تایبەتمەندییان زاراوە و چەمك و بۆچوونەکان بە ڕەچاوکردنیان لەمیانی تێکستی شیعرییەوە بسەلمێنێت. بەڵکو لێرەدا ئامادەبوونی وەسف تەنیا تیۆرییە، بۆیە دەبینین کە توێژەر دەیەوێت لەم دوو بەشەدا زیاتر باوەڕ بە خوێنەر بکات کە ئەمانە لە پێویستییەکانی ناونیشان و پلانی توێژینەوەکەن و ڕۆڵیان لە کۆنترۆڵکردن و جڵەوگرتنی تێکستە شیعرییە لێتوێژراوەکانەوە هەیە، لەلایەکی ترەوە، بۆئەوەی باوەڕ بە

خوێنەر بێنێت کە باسکردنی ئەم زاراوە و چەمك و تەوەر و بابەتانە هەر تەنیا لەمیانی سەلماندنیان لەنێو تێکستەکانەوە نییە، بەڵکو ئەمانە وەك و چەمك و بنەما و پرەنسیپ بوونیان هەیە هەتا ئەگەر لە دەرەوەی تێکستی ئەدەبیشەوە بێت و دەبێت خوێنەر شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە توێژەر لەم سێ بەشەدا زیاتر بە هەوڵیداوە گەشتێکی مەعریفیی و فیکریی بەنێو زاراوە و چەمکە جیاوازەکانی تایبەت بە بونیادگەری لە چوارچێوەی مەعریفەیەکی گشتی و فراواندا ئەنجامبدات، بەبێئەوەی وابەستەی ئامانجە سەرەکییەکیە توێژینەوەکەی بێت کە بریتییە لە ناساندنی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا لەنێو رەخنەی شیعری کوردیدا (حسێن، 2007، 5-121).

پرۆسەی وەسف لەم توێژینەوەیەدا و لە بەشە پراکتیکییەکەیدا زیاتر جەختی لەسەر لایەنی تەکنیکی و هونەری تێکستە شیعرییەکان کردۆتەوە و لەبارەیەوە بەشێوەیەکی گشتی توێژەر هەوڵیداوە تەرکیز بخاتە سەر چەند لایەنێکی نێو تێکستەکان، لەمانەش:

-دیاریکردنی بونیادی گشتی و بەشەکی تێکستەکان

-جەختکردنەوە لەسەر بونیادی هاوشێوەیی و بونیادی دوالیزمیی

-پێوەندی نێوان بونیادە بەشەکییەکان و پێوەندییان بە بونیادی سەرەکی تێکستەکان

-شیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی تێکست لە هەر یەکێك لەم بونیادانە، لەمانەش:

•ئاستی ڕیتم


•ئاستی پێکهاتەیی (ئاستی وشە و ئاستی ڕستە)

•ئاستی واتا

-شیکردنەوە و وەسفکردنی پێکهاتەی زمانی ئاستەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ کەرەستە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان و بایەخدان بە (لادانەکان لە ئاستە جیاوازەکان بەتایبەتیش ئاستی پێکهاتەیی و واتایی و شیعرییەت و ئاستەکانی ئاسۆیی و ستوونی و ... هتد).

-خستنەڕوو و شیکردنەوەی بەشێك لەو پێوەندییە جۆراوجۆرانەی بونیادەکان و کەرەستە و پێکهاتە زمانییەکانیان بەیەکەوە بەستوونەتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت بریتییە لەوەی کە توێژەر لەمەسەلی گرنگیدان بەم لایەنە جیاوازانەی نێو بونیادی تێکستە شیعرییەکان، بەشێوەیەکی یەکسان و ورد و قوڵ جەختی لەسەر هەموو لایەنەکان نەکردۆتەوە، بگرە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بایەخی بە هەندێکیان داوە و هەندێکی تری بە سادەیی باسکردووە یان فەرامۆشی کردوون، یان زیاتر جەختی لەسەر هەندێکی تریان کردۆتەوە. کە ئەمەش دیسانەوە مەسەلەی تۆکمەیی و وردی و قوڵی توێژینەوە پراکتیکییەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. یان دەبینین لە شیکردنەوەی تێکستێك بە بەراورد بەوی تر جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا بەدیدەکرێت. بەگشتی ستراتیژییەتی کارکردنی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەمشێوەیەیە:




شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان و تێکست، بەکارهێنانی پاشخان و زانیاری زمانی و شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی ئاستەکانی زمان و تێکست

لێرەدا دەبینین وەسفەکە پەیوەستە بەو گۆشەنیگایەی خوێندنەوەوە کە توێژەر بۆ خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکان دیاریکردووە و گۆشەی چارەسەری شیعرەکان گۆشەیەکی فۆرمخوازییە و لەگەڵ سروشتی میتۆدە رەخنەییەکە دەگونجێت و بۆ ئەم مەبەستەش داڕشتەی زمانیی وەرگرتووە و لەوێوە بۆ نێو هەناوی تێکستە شیعرییەکان شۆڕبۆتەوە.

لە بەشە پراکتیکییەکەی ئەم نامەیەدا و لە پاری سێیەمدا وەسفەکە وەسفێکی هەڵبژاردەییە، لەبەرئەوەی توێژەر نەهاتووە کۆمەڵێك تێکستی شیعری وەربگرێت و رەخنەی بونیادگەرییان بەسەدا پراکتیزەبکات، بەڵکو تەنیا سێ شیعری بە نموونە وەرگرتووە. ئەو شیعرانەش کە وەکو نموونە وەریگرتوون لەنێو چەندین تێکستی شیعریدا هەڵبژاردوون و ئەم سێ تێکستە شیعرییە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە و ئەو گۆشەنیگایەی خوێندنەوە و شیکردنەوە دەگونجێت کە توێژەر لە نامەکەیدا بەکاریهێناوە. بۆیە دەبینین ئەو تێکستە شیعرییانەی هەڵبژاردووە کە خزمەت بە بنەما و پرەنسیپ و میکانیزم و هەنگاوەکانی میتۆدە رەخنەییەکەی نێو توێژینەوەکە دەکات.

ستراتیژییەتی خوێندنەوەی تێکستەکان بە گوێرەی میتۆدی بڕیار لەسەر دراو وا دەخوازێت کە توێژەر مامەڵە لەگەڵ خودی تێکستەکان بکات و بونیادە بەشەکییەکانیان شیبکاتەوە بۆ کەرەستە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکیان و خستنەڕووی پێوەندییە نێوەخۆییەکانی نێوان ئەو ڕەگەز و کەرەستە و ئاستە جیاوازانەی نێو تێکستەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەسفە رەخنەییەکە بەتەنیا نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری یەك جۆر خوێندنەوەوە، لە دوو شوێندا توێژەر هەوڵی خوێندنەوەیەکی دەرەکی سەرپێییانەی واتای تێکستەکانی داوە (حسێن، 2007، 141/ 144). هەندێکجاریش وەسفە رەخنەییەکە خودییە و وەسفەکە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی تێدایە، ئەمەش لەگەڵ تێڕوانین و ستراتیژییەتی ئەم میتۆدە رەخنەییە ناگونجێت. لەم پارەدا توێژەر هەوڵیداوە هەوڵیداوە پشت بە بەشێك لە میکانیزمەکانی وەسف ببەستێت و پرۆسە رەخنەییەکەی ئەنجامبدات، بۆ نموونە لە شیکردنەوەی هەر سێ شیعرەکەدا میکانیزمی ناساندن (التعریف)ی بەکارهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لە زاراوە و پرەنسیپەکانی بونیادگەری فۆرمالیزمی، بۆ نموونە لە شیکردنەوەی شیعری (ئازادی)ی (شێرکۆ بێکەس)دا لەبارەی بونیادی شیعرەکەوە پێیوایە کە بونیادی شیعرەکە لەسەر بنەمای (هاوشێوەیی) بونیادنراوە و لەبارەی ئەم پرەنسیپەوە دەڵێت: ((هاوشێوەیی بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەکەیەك لەسەر ئاستی ڕستە و پێکهاتەی گشتی))(حسێن، 2007، 133). یان لەبارەی بونیادی شیعری (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت)دا بە سوودبینین لەم میکانیزمەی وەسف بونیادی شیعرەکەی خستۆتەڕوو (حسێن، 2007، 139). توێژەر لە ڕوونکردنەوەی زاراوە و چەمکەکان ئەم میکانیزمەی بەکارهێناوە. هەندێکجاریش پەنای بردۆتە بەر میکانیزمی (کورتکردنەوە – التلخیص) بۆ کێشانی وێنەیەکی نزیکەیی لەبارەی جیهانبینی فیکری و سروشتە هونەری و ئیستاتیکییەکەی شیعرەکان، واتە جیهانبینی نێو شیعرەکان و سروشتە هونەری و ئیستاتیکییەکانیان، بۆ نموونە لەبارەی جیهانبینی نێو شیعری (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت) و بونیادە هونەریی و ئیستاتیکییەکەی، توێژەر هەم جیهانبینی شاعیر و هەم سروشتە هونەرییەکەی ئەم جیهانبینییەی ڕوونکردۆتەوە (حسێن، 2007، 139-140). یان لە شیکردنەوەی شیعری (لە دوورترین گوندیشا)ی (قوبادی جەلیزادە)دا دیسانەوە جیهانبینییە فیکرییەکە و سروشتە هونەرییەکەی ئەم جیهانبینییە فیکرییەی پشانداوە و خستوویەتییەڕوو (حسێن، 2007، 145-147). لە وەسفانەدا کە میکانیزمی کورتکردنەوەیان تێدا بەدیدەکرێت، ئەوە دەردەکەوێت کە توێژەر لە شیکردنەوەی هەرسێ شیعرەکەدا یەك ئاراستە و یەك خوێندنەوە و یەك شیکردنەوەی گرتۆتەبەر.


**3-6-2: میکانیزمەکانی شیکردنەوە و بونیادی تێکست و ئاستەکانی:**

بەشێوەیەکی گشتی لەم دکتۆرانامەیەدا و لە بەشە پراکتیکییەکەیدا کە پراکتیزەکردنی رەخنەی بونیادگەری فۆرنالیزمییە بەسەر سێ تێکستی شیعریدا و لە پاری سێیەمی بەشی چوارەمدا ڕەنگیداوەتەوە، دوو جۆر خوێندنەوە بۆ تێکستە شیعرییەکان بەرچاودەکەوێت. کە بریتیین لە:

_ خوێندنەوەی دەرەکی تێکستی شیعریی: ئەمەیان زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەغزا و مەبەستی گشتی شیعرەکە پەیڕەوکراوە، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی یەکناگرێتەوە. توێژەر ئەم جۆرە خوێندنەوەی لە دوو شوێندا بەکارهێناوە، لە شیکردنەوەی تێکستی (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت)دا دوای ئەوەی هەوڵی خستنەڕووی بونیادی شیعرەکە و پێوەندییەکانی ناوەوەی شیعرەکە دەدات، دواتر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دەلالەتی شیعرەکە پەنا دەباتە بەر خوێندنەوەی دەرەکی بۆ تێکستەکە و دەڵێت: ((ئەگەر بێت و لە دەق و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەربچین و پەیڕەوی بونیادگەری بخەینە لاوە و دەقەکە بکەینەوە بەسەر دەرەوەدا، بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، ئەم پەیوەندییانە هەواڵەی چ ئاماژە و دەلالەتێکمان دەکات، ئەوە دەکرێ بڵێین، لەپاڵ ئەم سیستەمە دژەی پەیوەندییەکانی دەقەکەدا، دەلالەتێکی فیکری و فەلسەفی هەیە، لە سەردەمێکدا فەلسەفە لە سەرەتاکانیدا بەتایبەت فەلسەفەی یۆنانی ئاسمان سەنتەری شتەکان بووە، هۆ و هۆکار بووە فەلسەفە بەدەوریدا سوڕاوەتەوە، بایەخی سەرەکی خۆی پێداوە، هەموو شتێك بە هێزە ئاسمانییەکە ڕاڤەکراوە، بۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکان ڕوو لە ئاسمان کراوە، پاش ئەوە بایەخەکە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابەزێنراوە، ئیتر زەوی جێگای سەنتەری بایەخپێدان بووە، شتەکان هاتوونەتە سەر زەمینەی واقیع و مرۆڤ ڕۆڵی پێدراوە بۆ ڕاڤەکردن و گۆڕین))(حسێن، 2007، 141). توێژەر ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی هێناوەتەوە

و هەوڵیداوە هەردوو مەبەست و مەغزای تێكستنووس لە هەردوو جوڵە دژبەیەكەی نێو شیعرەكە كە خۆی لە جوڵەی (چوون) بەرەو ئاسمان و جوڵەی (گەڕانەوە) بۆ زەوی ڕاڤەبكات و بەمەش توێژەر وای بۆ چووە كە مەبەست پتر بریتییە لە زاڵكردنی:

(خوارەوە بەسەر سەرەوەدا، زەوی بەسەر ئاسماندا، مرۆڤ و واقیع بەسەر پیرۆزكراوەكاندا). كەواتە جوڵەی شیعرەكە وەك توێژەر ڕاڤەی كردووە، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:




ئەم جۆرە خوێندنەوە كە بریتییە لە ڕاڤەكردنی واتای شیعرەكە لەمیانی بۆچوونێكی فەلسەفییەوە، زیاتر خوێندنەوەیەكی دەرەكییە بۆ دۆزینەوەی مەبەستی تێكستنووس بە پشتبەستن بە زانیاری دەرەكی، نەك خوێندنەوەیەكی ناوەكی بێ و لەمیانی زمانی شیعرەكە و پێوەندی ڕەگەزە ناوەخۆییەكانی و چۆنێتی پێكهێنانی بونیادی تێكستەكەوە بێت.

لە شیكردنەوەی تێكستی (لە دوورترین گوندیشا)ی (قوبادی جەلی زادە)دا هەر لە سەرەتاوە توێژەر بۆئەوەی مەغزا و مەبەستی شیعرەكەی بۆ ڕوونبێتەوە، دیسانەوە هەوڵیداوە زۆر بەكورتی خوێندنەوەیەكی دوور لە بونیادگەری فۆرمالیزمییانە بۆ تێكستەكە بكات و دەڵێت: ئەگەر دوور لە میتۆدی بونیادگەری خۆمان لەمەر دەقەی (قوبادی جەلی زادە) نزیكبكەینەوە و بەكورتی مەغزاكەی پشانبدەین، ئەوە دەڵێین: ڕەنگە ئەو دوورترین گوندەی كە شاعیر باسیدەكات هەر تەنها دێیەك، یا ڕووبەرێكی گەورەتربێت، یا ئەو دێیە دوورە، هێمای نیشتیمانێك بێت كەسانی دەقەكەیش خۆڕاگرت، یاخود شۆڕشگێڕان بن))(حسێن، 2007، 144). لێرەدا توێژەر لە بۆچوونەكەیدا زۆر قوڵنەبۆتەوە، پشتی بە هیچ زانیارییەكی دەرەكی و پێشوەختە نەبەستووە، تەنیا ئەوە نەبێت كە بێ پشتبەستن بە بونیادگەری فۆرمالیزمی هەوڵیداوە بۆچوونی كەسی خۆی لەشێوەی چەند گریمانەیەك سەبارەت بە واتای ئەم شیعرە ڕوونبكاتەوە. كە ئەمەش لەگەڵ بونیادگەری فۆرمالیزمیدا یەكناگرنەوە و هەر توێژەر خۆیشی دركی بەمە كردووە و لە كۆتایی پەرەگرافەكەدا دەڵێت: ((بەڵام قسەكردن بەم شێوەیە لە میتۆدی بونیادگەری دوورماندەخاتەوە))(حسێن، 2007، 144). بەگشتی خوێندنەوەی لەمجۆرە لە میتۆدێكی فۆرمخوازی وەك بونیادگەری فۆرمالیزمی كە هەموو گرنگیپێدانێكی تەنیا بریتییە لە جەختكردنەوە لە بونیادی تێكست و پێوەندییە ناوەخۆییەكانی ڕەگەز و بونیادەكانی تری پێكهێنەری تێكستی ئەدەبی جێگەی نابێتەوە، ئەمەش دیسانەوە هۆشیاری میتۆدبەندی توێژەر سەبارەت بە پڕەنسیپ و بنەما و هەنگاوە كردەییەكانی بونیادگەری فۆرمالیزمی و چۆنێتی مامەڵەكردنی لەگەڵ تێكستی شیعریدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

_ خوێندنەوەی ناوەخۆیی تێكستی شیعری: ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە بەشە پراكتیكییەكەی ئەم نامەیەدا (كە مەبەست پاری سێیەمی بەشی چوارەمە)، زۆرترین ڕووبەری پرۆسە ڕەخنەییەكەی داگیركردووە. توێژەر خوێندنەوە ناوەخۆییەكەی بۆ هەرسێ تێكستە شیعرییەكە بە پشتبەستن بە میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی ئەنجامداوە. كەواتە خوێنەر یان ڕەخنەگری ڕەخنە كاتێك لە مەسەلەی میتۆدبەندی لە بواری پراكتیزەكردن لەمەر بەشەدا وردەبێتەوە، گۆشەنیگای چارەسەری تێكستە شیعرییەكانی بۆ دەردەكەوێت.

توێژەر بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بەوە نەداوە كە سوودی لە تیۆر و بۆچوون و هەنگاوی كردەیی كام ڕابەر و ڕەخنەگری بونیادگەری فۆرمالیزمی بینیووە و بەسەر سێ تێكستە شیعرییەكەدا پراكتیزیكردووە. ئەوەی تێبینیدەكرێت، بریتییە لەوەی كە توێژەر لەنێوان چوارچێوە گشتی و تایبەتییەكەی ئەم میتۆدە ڕەخنەییەدا دەخولێتەوە، بەومانایەی هەوڵیداوە لە مەسەلەی پراكتیزەكردندا سوود لە بنەما و پڕەنسیپ و هەنگاوە گشتی و تایبەتییەكانی میتۆدەكە وەربگرێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە توێژەر زیاتر پشتی بە میكانیزمەكانی شیكردنەوە لەنێو ئاستەكانی زمان یان ئاستەكانی شیكردنەوەی بونیادگەریی لەسەر زمانی تێكستە شیعرییەكاندا بەستووە. بەمەش لە توێژینەوەی شیعرەكاندا پێڕەوی میكانیزمی شیكردنەوە و وەسفكردنی ئاستە جیاوازەكانی نێو تێكستی كردووە و لەوێوە هەوڵیداوە نەسقەكانی تێكست و بونیادەكانی و ئەو پێوەندییانەی ئەو نەسق و بونیادانە بەڕێوەدەبەن بخاتەڕوو، ئەم جۆرە میكانیزمە لەگەڵ ژانری شیعردا زۆر گونجاوە و بۆی دەشێ، بەڵام بۆ ژانری چیرۆك و ڕۆمان گونجاونین و ناشێن.

لە شیعری (ئازادی)ی (شێركۆ بێكەسدا)، توێژەر شیعرەكەی بۆ دوو بەشی سەرەكی دابەشكردووە و بەرامبەر هەر دێڕێكیش ژمارەی داناوە، كە بریتییە لە پێنج دێڕە شیعر. بەشی یەكەمی شیعرەكە لە دێڕی یەكەمەوە دەستپێدەكات تاوەكو دێڕی سێیەم. بەشی دووەمی شیعرەكەش هەردوو دێڕی چوارەم و پێنجەم دەگرێتەوە و بەلای توێژەرەوە بونیادی شیعرەكە بریتییە لە بونیادی

هاوشێوەیی و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((هەر پێنج دێڕەکە لەسەر بونیادی هاوشێوەیی (التشاکل) پێکهاتوون، بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەکەیەك لەسەر ئاستی ڕستە و پێکهاتەی گشتی))(حسێن، 2007، 133). لێرەدا توێژەر دوای ئەوەی بونیادی گشتی تێکستەکەی دیاریکردووە، ئینجا پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی تێکستە شیعرییەکە و کاری لە نێو ئاستە جیاوازەکانی زمانی شیعرەکەدا کردووە، کە بریتیین لە ئاستەکانی: (ئاستی ریتم، ئاستی ڕستە، ئاستی واتا)

تێکستی (ئازادی)

↓

بونیادی هاوشێوەیی

ئاستی ڕیتم ئاستی ڕستە ئاستی واتا

پێکهاتەی زمانی ئەم ئاستانە و کەرەستەی پێکهاتنیان

ئەم جۆرە شیکردنەوە و وەسفەی تێکست یاتر لای توێژەر و رەخنەگرانی عەرەب باوبووە و بەکارهاتووە، کە دواتریش بە کاریگەری ئەوانەوە پەڕیوەتەوە نێو رەخنەی شیعری کوردییەوە. توێژەر هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە پێکهاتەی زمانی دێڕ و ڕستە شیعرییەکان لەسەر ئاستی ڕستەسایدا بخاتەڕوو، کە لەسەر بونیادی هاوشێوەیی بونیادنراون، پێکهاتەی زمانی و ڕستەیی دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

دێڕی شیعریی
- نیوە دێڕی یەکەم: ئامراز + ناو
- نیوە دێڕی دووەم: ناو + کار

کەچی لە دێڕەکانی چوارەم و پێنجەمدا پێکهاتە زمانییەکە گۆڕاوە و لەمبارەیەوە توێژەر دەڵێت: ((لەسەر هەموو ئاستەکان دەگۆڕێت))(حسێن، 2007، 134). کەچی گۆڕانکارییەکانی تەنیا لە ئاستی ڕستەسازیدا باسکردووە و گرنگی بە ئاستەکانی تری شیکردنەوە نەداوە.

-ئاستی ڕیتم:

یەکێك لەو ئاستانەی شیکردنەوە کە توێژەر گرنگی پێداوە، بریتییە لە ئاستی ڕیتمی شیعرەکە. لەبەرئەوەی بونیادی گشتی شیعرەکە لەسەر بونیادی هاوشێوەیی دامەزراوە و ئەم بونیادەش بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەکەیێك لەسەر ئاستی (ڕستە و پێکهاتەی گشتی تێکستەکە) بەبێ هیچ زیاد و کەمییەك، کەواتە ((ڕیتمی دێڕەکان لەسەر بنەمای هاوشێوەیی))(حسێن، 2007، 134) دامەزراوە، ئەمە تا دێڕەکانی چوار و پێنج، چونکە لە دێڕی چوارەم و پێنجەمدا پێکهاتەی زمانی ڕستە شیعرییەکان دەگۆڕێن، بۆیە ڕیتمی شیعرەکەش لەم دوو دێڕەدا گۆڕانی بەسەردا دێ. پێکهاتەی زمانی و ڕستەیی ڕستە شیعرییەکانی دێڕەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بەمشێوەیەن:

-ئامراز + ناو + ناو + ناو

ئەم پێکهاتە ڕێزمانییە لەڕووی ڕستەسازی و شێوەی هاتنی کەرەستەکانەوە کاریگەرییان بەسەر ڕیتمی شیعرەکەدا هەیە و ڕۆڵیان لە بونیادنانی ڕیتمی شیعرەکەدا هەیە:

پێکهاتەی زمانی ڕستە شیعرییەکانی دێڕەکانی 1، 2، 3

کەرەستەکان - ژمارەی کەرەستەکان - ڕیزبوونی کەرەستەکان - پێوەندی ئاسۆیی و ستوونی کەرەستەکان

ڕیتمی شیعرەکە (هاوشێوەیی)

کەچی لە دێڕی چوارەم و پێنجەمدا، لەبەرئەوەی پێکهاتە و بونیادی زمانی ڕستە شیعرییەکان گۆڕاون، بەتایبەتیش لە نیوەی دووەمی دێڕی پێنجەمدا، کە ڕستەکە ڕستەیەکی ناتەواوە و لادانی تێدا بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردووە ڕیتمی شیعرەکە لەم دوو دێڕەداجیاوازتر بێت لەچاو دێڕەکانی تردا (حسێن، 2007، 134-135) و لەسەر بنەمای ڕیتمی هاوشێوەیی لایداوە.

-ئاستی ڕستەسازی شیعرەکە:

یەکێکی تر لەو ئاستانەی تێکستەکە که توێژەر هەوڵی شیکردنەوە و چۆنێتی درووستبوون و پێکهاتنی داوە لەمیانی کەرەستە زمانییەکانییەوە، بریتییە لە ئاستی ڕستە لەم شیعرەدا. توێژەر گرنگی بە پێکهاتەی زمانی و شێوەی دروستبوون و چۆنێتی ڕیزبوونی دێڕە شیعرییەکان و کەرەستەکانیان داوە و لەسەر ئاستی ڕستەسازیدا سروشت و چۆنێتی بونیادنانی ڕستە شیعرییەکانی شیکردۆتەوە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی و چۆنێتی ڕیزبوونیان و ئەو ئەرك و ڕۆڵی لەنێو ڕستە شیعرییەکاندا دەیگێڕن و کاریگەرییان بەسەر بونیادی گشتی شیعرەکە و ئاستەکانی تری شیکردنەوەی شیعرەکەدا خستۆتەڕوو.

توێژەر پێکهاتەی ڕستە شیعرییەکانی لەم شیعرەدا شیکردۆتەوە، کە بوونیادی هاوشێوەییان پێکهێناوە، پێکهاتەی زمانی و کەرەستە زمانییەکانی دێڕەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم چۆنێتی ڕیزبوونیان بەمشێوەیەیە:

-نیوەدێڕی یەکەم: ئامراز + ناو .......

نیوەدێڕی دووەم: ناو + کار

هی دێڕی پێنجەم، بەمشێوەیەیە:

-نیوەدێڕی یەکەم: ئامراز + ناو

نیوەدێڕی دووەم: ناو + ناو


ئەوەی جێی سەرنجە، توێژەر پێیوایە کە دێڕی چوارەم جیاوازی لەگەڵ دێڕەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا هەیە و لەگەڵ دێڕی پێنجەمدا جیاوازی نییە، کەچی ئەگەر سەیری پێکهاتەی زمانی دێڕی چوارە بکەین، دەبینین هەمان پێکهاتەی دێرەکانی پێش خۆی هەیە و جیاوازی نییە، جیاوازییەکە تەنیا لە دەمی کاری ئەم دێڕە لەگەڵ دەمی کارەکانی دێڕەکانی پێش خۆیەتی، کەچی توێژەر پێیوایە کە نیوەی دووەمی دێڕی چوارەمیش هەمان شێوەی پێکهاتنی نیوەی دووەمی دێڕی پێنجەمی هەیە و دەڵێت: ((ئەمەش بەڕوونی لە نیوەی دووەمی هەردوو دێڕی چوراەم پێنجەمدا دەستنیشاندەکرێت، واتە لە (گوڵە گەن ئەهاتەدەر) و (ڕێی ئازادی)دا دەردەکەوێت))(حسێن، 2007، 134). کەچی دوور و نزیك باسی ئەو جیاوازی و وێکچوونەی دێڕی چوارەم لەگەڵ دێڕەکانی پێش و پاش خۆی نەکردووە، لە کاتێکدا بە وردی لەسەر دێڕی پێنجەم دەوەستێت و شیدەکاتەوە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانی و چۆنێتی دروستبوونی. کە ئەمەش لە توێژینەوەی ئەکادیمییانەدا وردی و زانستیبوونی بۆچوون و شیکردنەوەکە دەخاتە چێر پرسیارەوە و دەبێ توێژەر لەم مەسەلە زمانییانەدا وردتر بیربکاتەوە و هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان بکات.

لەبارەی نیوەی دووەمی دێڕی پێنجەمەوە، توێژەر پێیوایە کە گۆڕانکاری لەسەر هەموو ئاستەکاندا ڕوویداوە و گۆڕانکارییەکانیش بەمجۆرەن:

ڕێی ئازادی (حسێن، 2007، 134-135).

| ئاستی ڕیتم | ئاستی ڕستە | ئاستی واتا |
|---|---|---|
| _ ڕیتمی ڕستە شیعرییەکە گۆڕاوە، بەڵام باسنەکراوە | - ڕستەیەکی ناتەواوە<br>- تەواوکەرێکی پێوستە<br>- لادان لە ئاستی پێکهاتەیدا ڕوویداوە<br>- شیعرییەت لە ئاستی پێکهاتەیدا ڕوویداوە<br>- کورتکردنەوە لەڕێی لابردنەوە ڕوویداوە | - ڕستەکە ڕستەیەکی ناتەواوە لە ڕووی واتاوە و کارێکی پێوستە.<br>- شیعرییەت ڕوویداوە. |

لەلایەکی ترەوە، توێژەر کاری بە تەوژمی (ئاسۆیی و ستوونی) کردووە. ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە ڕستە شیعرییەکان لە ئاستی (ئاسۆیی)دا بۆ تەواوکردنی واتای خۆیانن، بەڵام لە ئاستی (ستوونی)دا هەموو بۆ ئەوەن بگەن بە وشەی (ئازادی) (حسێن، 2007، 135-136).



ئازادی

توێژەر بە وردی پێوەندی وشەکانی لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا ڕوونکردۆتەوە و هەوڵیداوە لەم دوو ئاستەدا لایەنی واتای گشتی شیعرەکەش ڕوونبکاتەوە.

-ئاستی واتا:

یەکێك لەو ئاستانەی شیکردنەوەی تێکستی شیعری کە توێژەر بایەخی پێداوە، بریتییە لە ئاستی واتا. لە ئاستی ڕستەدا ئاماژەمان بەوەدا کە توێژەر لەسەر ئەم ئاستەدا لایەنی واتای شیعرەکەی ڕوونکردتەوە، بەتایبەتیش کاتێك بەگوێرەی تەوژمی ستوونی و ئاسۆیی ڕستە شیعرییەکانی لەسەر ئاستی ڕستە و ئاستی واتادا شیکردۆتەوە. توێژەری نامە جەختی لەسەر (ئاستی کار) لە هەردوو ئاستەکەدا کردۆتەوە، بەتایبەتیش لە ئاستی ستوونیدا، کە هەموو ئاماژەکان بەرەو (ئازادی) هەنگاودەنێن (حسێن، 2007، 135-138). بە بۆچوونی توێژەر واتا لەم تێکستەدا بە دوو ئاراستەدا دەڕوات:


-ئاستی ئاسۆیی: وشەکان لە تەك یەکترییەوە واتای ڕستە شیعرییەکان یان دێڕەکان تەواودەکەن

-ئاستی ئاسۆیی: پێکهاتە زمانییەکەی هەموو دێڕەکان زیاتر بۆ خزمەتکردن و تەواوکردنی واتای (ئازادی)یە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە ڕاستە پێوەندی نێوان وشەکان لە ڕستە شیعرییەکاندا بە مەبەستی تەواوکردنی واتای خۆیانن، وەك ئەوەی توێژەر بۆی چووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئاراستەکانی ئەم پێوەندییە ئاسۆییەش ئاماژە بە واتای (ئازادی) دەکەن. لەبەرئەوەی ئەگەر لە سروشتی دێڕەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم بڕوانین، دەبینین وێنەیەك درووستدەکەن و کەشێك دەخوڵقێنن کە لە ڕووی واتاوە هەمان سروشت و مۆرکی دێڕی پێنجەمیان هەیە. هەر چوار دێڕە شیعرییەکە وێنەیەکی ئەرێنی و ئومێدبەخش و دڵخۆشکەر پێشکەش دەکەن کە هەمان ئەو وێنە ئەرێنییەیە کە لە دێڕی کۆتایی شیعرەکەدا ئاماژە بۆ ئازادی دەکات لەڕێی هەوڵ و تیکۆشان و جەنگەوە.

لە شیعری (تیر)ی (لەتیف هەڵمەت)دا، توێژەر لەسەر هەمان ستراتیژییەتی شیکردنەوەی تێکستی پێشوو هەنگاویناوە، سەرەتا شیعرەکەی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە و ژمارە یەك و دووی بۆ هەردوو بەشەکە داناوە، چونکە پێیوایە کە ((لە بنەڕەتدا بونیادی دەقەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، یا بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین لە دوو جوڵە پێکهاتووە: جوڵەی (چوون) و جوڵەی (گەڕانەوە)))(حسێن، 2007، 139). پاشان توێژەر بونیادی گشتی شیعرەکەی دیاریکردووە کە لەسەر پرەنسیپی (دوالیزم) بونیادنراوە و ئەم پرەنسیپەش لەم شیعرەدا لەسەر بنەماکانی ((لێکنەچوون (اللاتشاکل) و دژخوازی (التضاد)))(حسێن، 2007، 139) درووستبووە. توێژەر تێکستەکەی کردۆتە دوو بەش، کە دوالیزمی تێدا ڕەنگیداوەتەوە:

بووم بە تەم و چووم بۆ ئاسمان
بەرۆکی خوام ڕاتەکان
قۆپچەی نەبوو هەڵبوەرێ و
دەمی نەبوو بێتە زمان
گەڕامەوە
لقی دار بەڕوویەکی پیرم کردە
تیروکەوان
سەرانسەری گێتیم هەژان





دیاریکردنی بونیادی گشتی و بونیادی بەشەکی شیعرەکە لە زەینی توێژەردا بە پشتبەستن بە دوو لایەنی گرنگی نێو شیعرەکە بووە، کە برتییە لە:

-ئاستی پێکهاتەیی دێڕە شیعرییەکان لە هەردوو ئاستی وشە و ڕستەدا.

-ئاستی واتایی: کە لەسەر بنەمای جیاوازی مەبەستی هەردوو کۆپلە شیعرەکەدا دیاریکراوە


توێژەر لە شیکردنەوەی ئەم تێکستە شیعرییەدا زۆر بایەخی بە شۆڕبوونەوە بۆ ئاستە جیاوازەکانی شیکردنەوە لە تێکستەکەدا نەداوە، ئەوەی هەیە بریتییە لەوەی بونیادی دوالیزمی تێکستەکەی لە دوو بونیادی بەشەکی تردا دیاریکردووە، کە لەسەر هەردوو جوڵەی (چوون و گەڕانەوە)دا کە دوو جوڵەی جیاواز و هاودژن ڕوونکردۆتەوە. کەواتە دژخوازی لە هەردوو جوڵەکە دایە لەم شیعرەدا کە یەکێکیان ئاراستەکەی بەرەو ئاسمانە و ئەوی تریان ئاراستەکەی بەرەو زەوییە و دوو جۆر کەسێتی درووستکردووە، کەسێتییەکی بێهێز کە جوڵەکەی بەرەو ئاسمانە و هیچ هێز و دەسەڵاتێکی نییە، کەسێتی دووەمیش کەسێتییەکی بەهێزە و جوڵەکەی بەرەو زەوییە، ئەمەش دوای ئەوەی گوایە لە ئاسمان، یان لە بەهێزەکانی دەوروبەرییەوە هیچی دەستنەکەوتووە، بۆیە پشتی بەخۆی

بەستووە و بوونی خۆی لەمیانی هەوڵەکانی خۆیەوە سەلماندووە. لە ڕاستیشدا شاعیر مەبەستی زیاتر جوڵەی دووەمیانە کە گەڕانەوەیە بەرەو زەوی و پشبەستنە بە تواناکانی نەتەوەیەك لە هەوڵدان و تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەدا لە بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەم و نەهامەتییانەی نەیارەکانی ئەو نەتەوەیە بەسەریاندا هێناوە. ئەمەش دوالیزمە لەسەر ئاستی دژیەکی (التچاد). لەلایەکی ترەوە، پرەنسیپی دوالیزمی لە ڕووێکی دیکەشەوە ڕوونکردۆتەوە و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((چەند وشە و ڕستە و پێکهاتە هونەرییەکە ئاسان بێتە پێش چاو، بەڵام ئەو کارەی کە بکەرەکە ئەنجامی ئەدا کارێکی قورس و ئەفسانییە، بۆیە ئەو بنەما دوالیزمییە لەمەشدا ڕەنگدەداتەوە، لەوەدا لێکنەچوون لەنێوان پێکهاتەی هونەری و کرداری بکەر، یان قسەکەری دەقەکە))(حسێن، 2007، 139-140)دا هەیە، کەواتە دوالیزم لەم دەقەدا لە دوو لایەنی جیاوازدا دەردەکەوێت، کە بریتیین لە (دژخوازی و لێکنەچوون).




تویژەر پێکهاتەی زمانی و شێوەی دروستبوونی دێڕ و ڕستە شیعرییەکانی هەردوو بونیادە بەشەکییەکەی بونیادی گشتی تێکستەکەی شینەکردۆتەوە بۆ کەرەستە پێکهێنەر و پێکهاتە سەرەکییەکانی، ئەوەی هەیە پتر بریتییە لە جەختکردنەوە لە ئاستی واتای هەردوو بونیادە بەشەکییەکەی تێکستەکە، کە بە هەردووکییانەوە واتای گشتی شیعرەکە پێکدێنن. کەواتە توێژەر زیاتر کاری لەنێو ئاستی واتادا کردووە، بێئەوەی شێوەی پێکهاتنی ئەم ئاستە و کەرەستەکانی باسبکات و چۆنێتی بونیادنانیان لەڕووی زمانی و پێکهاتەی زمانییەوە ئاست بە ئاست لە بچووکترینیانەوە بۆ گەورەترین ئاست شیبکاتەوە. ئەم ئاستەشی لەمیانی شیکردنەوەی بونیادی گشتی شیعرەکەدا شیکردۆتەوە. لەلایەکی ترەوە، پێیوایە شیعرییەتی ئەم شیعرە لە هەردوو جوڵەکەدا ((دژی بەکارهێنانی ڕێزمان و بیروبۆچوونی باوی ڕۆژانە هاتوون))(حسێن، 2007، 141)، واتە لادان لە ئاستی واتادا ڕوویداوە، بێئەوەی شیعرییەتی شیعرەکە لە ئاستی ڕێزمان و واتادا بە وردی و تەواوی باسبکا. توێژەر لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەدا پێچەوانەی هەوڵەکانی شیعری پێشووتر بایەخی بە ئاستەکانی ڕیتم و وشە و ڕستە نەداوە، تەنیا لە بونیادی گشتی و بەشەکی شیعرەکەوە بۆ واتای شیعرەکە چووە، بێئەوەی بونیاد و پێکهاتەی زمانی ئەو واتایە بە وردی بخاتەڕوو. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە توێژەر لەسەر یەك میکانیزم و هەنگاو پرۆسەی ڕەخنەپراکتیکییەکەی ئەنجامنەداوە.

لە شیکردنەوەی بۆ شیعری (لە دوورترین گوندیشا)ی (قوبادی جەلی زادە)دا، توێژەر بە سوودبینین لە میکانیزمەکانی شیکردنەوە لە تێکستەکانی پێشوو ئەم شیعرەی شیکردۆتەوە. توێژەر هەر لە سەرەتاوە ستراتیژییەتی کارکردنی خۆییمان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ((خۆ ئەگەر بە جیا باسی لایەنی شێوە و لایەنی دەلالی بکەین، تەنها بۆ ئاسانکارییمانە چونکە لە هەموو هەنگاوێکدا دەبێت جەخت لەسەر کارلێکردنی پتەوی ئەم دوو لایەنە بکەین لەم دەقەدا))(حسێن، 2007، 144). توێژەر سەرەتا بونیادی گشتی شیعرەکەی دیاریکردووە، کە لەسەر پرەنسیپی (دوالیزم) کاردەکات و بونیادنراوە و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((شێوازی دوالیزمی (الپنائیە) لە سەرتاسەری دەقەکەدا لەسەر هەموو ئاستێك ڕەنگیداوەتەوە، دەسەڵاتی دابەشکردنی بەرهەمهێناوە، هەموو دوالیزمەکان هەر لە وشەوە، تا ڕستە و وێنە و پێکهاتە، بۆ دابەشکردنی جەستەیە بەسەر دوو بەشدا))(حسێن، 2007، 145). بونیادی دوالیزمی نێو دەقەکەشی بەسەر دوو بونیادی بەشەکی هاودژدا دابەشکردووە، کە بریتیین لە دوالیزمی (نووستن) و دوالیزمی (بەئاگابوون).




توێژەر بونیادی شیعرەکەی کە لەسەر پرەنسیپی دوالیزمی دامەزراوە، لە لە دوو ئاستی سەرەکیدا شیکردۆتەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا، کە بریتیین لە ئاستی شێوە و ئاستی واتا. لە ئاستی شێوەدا تەنیا بایەخی بە ئاستی ڕیتمی و ئاستی ڕستە داوە. ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ئاستەکانی شیکردنەوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیعری (لە دوورترین گوندیشا) بۆ سێ ئاست دابەشدەکەین، کە توێژەر جەختی لەسەر کردوونەتەوە:

-ئاستی ڕیتمی:

توێژەر ئەوەندە بەنێو ڕیتمی شیعرەکەدا شۆڕنەبۆتەوە و بە وردی باسینەکردووە، تەنیا لە دوو شوێندا باسیکردووە و ئاماژەی پێداوە. بۆ نموونە کاتێك باسی ناونیشان و دەسپێکی شیعرەکە دەکات کە ناونیشانەکە بۆتە بەشێکیش لە دەسپێك و جەستەی شیعرەکە (حسێن، 2007، 144). توێژەر لەمیانی جەختکردنەوەی لە ڕستە ناوکی شیعرەکەدا و لەمیانی دووبارەبوونەوەی ناوکە ڕستەکەدا چەند جارێك لەنێو شیعرەکەدا باسی ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکە دەکات و دەڵێت: ((وەك ڕیتمیش دووبارەبوونەوەی (هەر تەنیا) چەند جارێك لە دەقەکەدا هێزێکی سیحریبە گوتاری جووتبوون و مانەوە و بەئاگایی دەبەخشێ))(حسێن، 2007، 144-145). لێرەدا ئاماژەی بە دووبارەبوونەوە داوە کە لەسەر ئاستی ڕیتمی ناوەوەدا بایەخی پێدەدرێت، توێژەر دەڵێت ناوکە ڕستەکە چەند جارێك دووبارەبۆتەوە، کەچی ئاماژەی بەوە نەداوە سروشتی ئەو دووبارەبوونەوەیە چۆنە و لەسەر چ ئاستێکی زمانی دایە، ناوکە ڕستەکە کە توێژەر ئاماژەی پێداوە، بریتییە لە:

لە دوورترین گوندیشا، کە دەنووین

هەر تەنیا چاوێکمان دەخەوێ

ئەم ناوکە ڕستە وەك دووبارەبوونەوە بەبێ زیاد و کەم لە هیچ شوێنێکی ئەم شیعرەدا بە هەمان وشە و دەربڕین و پێکهاتەی ڕستەی شیعرییەوە دووبارەنەبۆتەوە وەك ئەوەی توێژەر بۆی چووە، تەنیا ئەوەی دووبارەبۆتەوە زیاتر لەسەر ئاستی واتا و رونیا و فیکرە و وێنەی ئەم ناوکە ڕستەیەیە لە ڕستە شیعرییەکانی تردا کە ئامادەبوونی هەیە بە هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی.

لەلایەکی ترەوە، لەسەر ئاستی دەنگدا باسی ڕیتمی شیعرەکەی کردووە و دەڵێت: ((هەروەها دووبارەبوونەوەی چەند پیتێکیش لە خزمەتی هەمان مەبەست دایە، وەك پیتی (گ) لە (گوندا) و (ڕ) لە (ڕادەکێشێ) و (ڕێحانە) و (پخەی دێ) و (دەبۆرژێ) ئەم پیتانە ورووژێنەر و جوڵێنەرن کە تەواو لە خزمەتی ئەنجامی ئەو دوالیزمە دان، واتە دوالیزمی نووستن و بەئاگابوون))(حسێن، 2007، 145). توێژەر بە سادەیی و سەرپێییانە بەلای ڕێتمی شیعرەکەدا چووە و تەنا لەسەر ئاستی دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە و ڕستەدا باسی ڕیتمی شیعرەکەی کردووە و لە کۆی شیعرەکەشدا تەنیا کۆپڵەیەکی وەرگرتووە لەکاتێکدا لە ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمیدا تەواوی کۆپڵەکانی شیعرەکە وەردەگیرێت و لێیدەکۆڵدرێتەوە. دەکرا توێژەر وردتر و قوڵتر باسی ڕیتمی شیعرەکەی بکردایە و پێکهاتەی زمانی ڕیتمی شیعرەکەی لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی زماندا شیبکردایەتەوە و کاریگەرییەکانی بەسەر هەردوو بونیادە بەشەکییەکەی (دوالیزمی نووستن و بەئاگابوون) و بونیادی گشتی شیعرەکەدا ڕوونبکردایەتەوە و لە پێوەندی لەسەر ئاستی جوڵەی دەنگەکان و بەرجەستەکردنی واتای شیعرەکە و چۆنییەتی بونیان بە ڕەگەزی شیعرەکە لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتەیی و ئاستی واتادا ڕیتمی شیعرەکەی ڕوونبکردایەتەوە، چونکە ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی لە ئاست ئەم پرسەدا بایەخێکی تەواو بەم بابەتە لەسەر ئاستەکانی دەنگی و پێکهاتن و واتادا دەدات. لەلایەکی ترەوە، توێژەر لە ڕوونکردنەوەی ئاستی ڕیتمی شیعرەکە و دووبارەبوونەوەی ناوکە ڕستەکە لە ئاستە جیاوازەکانی شیعرەکەدا دەڵێت: ((هێزێکی سیحری بە گوتاری جووتبوون و مانەوە و

بەئاگایی دەبەخشێ))(حسێن، 2007، 145). ئەمە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی تێدایە و لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمیدا ناگونجێت، چونکە ئەم میتۆدە ڕەخنەییە میتۆدێکی وەسفیی شیکارییە و دوورە لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندن. هەروها جیاوازی لەنێوان (پیت) و (دەنگ)دا نەکردووە و لە مەسەلەی دووبارەبوونەوەی هەندێك دەنگدا، زاراوەی (پیت)ی بەکارهێناوە، کە باشتربوو زاراوەی (دەنگ)ی بەکاربهێنایە، چونکە لەڕووی چەمکەوە پێت و دەنگ جیاوازن. پیت بریتییە لە وێنەی دەنگەکان. ئەمە جگە لەوەی کە جیاوازی لەنێوان (ڕ)ی قەڵەو و (ر)ی سوك لە مەسەلەی دووبارەبوونەوەی (ڕ)ی قەڵەودا نەکردووە و هەندێك وشەی بە نموونە هێناوەتەوە کە (ر)ی سوکیان تێدایە، وەك (گابەرد، پرخەی دێ، دەبۆرژێ)، لە کاتێکدا ئەم دوو دەنگە دوو دەنگی جیاوازن و واتای وشە دەگۆڕن، بۆ نموونە لە وشەی (کەر) و وشەی (کەڕ) هەردوو (ر)ەکە ئەلۆفۆنن و واتای وشەکەیان گۆڕیووە.

-ئاستی ڕستە:

لە ئاستی ڕستەدا توێژەر هەوڵیداوە پێکهاتەی زمانی ناونیشان و دەسپێکی شیعرەکە و تەنانەت ئەو دێڕەی دەسپێك کە بە ڕستەی ناوکی شیعرەکەی داناوە ڕوونبکاتەوە. خۆی لە بنەڕەتدا پێکهاتە زمانییەکانیان بەمشێوەیەیە:

لە دوورترین گوندیشا (ناونیشانی شیعرەکە)

ئامراز + ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا + ناو + ئامراز (پێکهاتەی زمانی و کەرەستەکانی)

لە دوورترین گوندیشا، کە دەنووین<br>هەر تەنیا چاوێکمان دەخەوێ،<br>چاوێکمان گوێ دەگرێ (دەسپێکی شیعرەکە و ڕستە ناوکی شیعرەکە)

ئامراز + ئاوەڵناو لە پلەی باڵادا + ناو + ئامراز + کار (پێکهاتەی زمانی و کەرەستەکانی)

ئامراز + ئامراز + ناو + ڕاناو + کار

ناو + ئامراز + ڕاناو + ناو + کار

کەچی توێژەر لە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ڕستە شیعرییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ ئەو کەرەستە زمانییانەی پێکیانهێناون ورد نییە و هەندێکجار لە دیاریکردنی بەشە ئاخلوتنی وشەکان هەڵەی زەقی ئەنجامداوە، بۆ نموونە وشەی (دوورترین)ی بە ناو داناوە، لەکاتێکدا ئەم وشەیە ئاوەڵناوە لە پلەی باڵادا و لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بریتییە لە (ئاوەڵناوی سادە + ئامرازی پلەی باڵا) (دوور + ترین). هەروەها دەستەواژەی (چاوێکمان)ی بە ناو داناوە، لە کاتێکدا پێکهاتەی ئەم دەستەواژەیە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بریتییە لە (چاو + ێك + مان) (حسێن، 2007، 144). توێژەر تەنیا پێکهاتەی زمانی و بونیادی زمانی دەسپێکی شیعرەکەی شیکردۆتەوە و بەلای ڕستە و دێڕە شیعرییەکانی تردا نەچووە، لە کاتێکدا پێکهاتەی زمانی ڕستە شیعرییەکانی تر لەڕووی بونیادنان و درووستبوون و جۆری کەرەستە و ژمارەی کەرەستەکان و کرتاندن و پێش و پاشخستنیانی کەرەستە زمانییەکان جیاوازییان لەگەڵ دەسپێکی شیعرەکەدا هەیە. لەلایەکی ترەوە، بونیادگەری فۆرمالیزمی تەنیا دێڕێك یان چەند دێڕێکی هەڵبژێردراوی لە شیعرێکدا بە تەنیا وەرناگرێت، بەڵکو کار لەنێو کۆی گشتی شیعرەکەدا دەکات و لە ڕەگەزە ناوخۆییەکانی شیعرەکە و پێوەندی نێوانیان دەکۆڵێتەوە. توێژەر ئەگەرچی بونیادی گشتی شیعرەکەی بەسەر دوو بونیادی بچووکتردا دابەشکردووە، کە بریتیین لە (دوالیزمی نووستن و بەئاگابوون) و لە سەرتاسەری شیعرەکە و لەسەر هەموو ئاستێکدا ڕەنگیداوەتەوە، کەچی بەوردی شیعرییەت لە ئاستی پێکهاتن و پێکهاتەی زمانی بونیادەکان و شێواز و چۆنێتی درووستبوونیانی دوالیزمەکان و ژمارە و جۆری کەرەستە زمانییەکانیان و سروشت و ڕۆڵ و پێگەی کەرەستەکان و ئەو لادانانەی لە ئاستی پێکهاتەییدا لەم دوو بونیادەدا ڕوویانداوە لە ئاستەکانی وشە و ڕستە و وێنەدا، ئاماژەی بە هیچ یەکێك لەمانە نەکردوو. بەمەش دیسانەوە پڕۆسە ڕەخنەییەکەی و هۆشیاری میتۆدبەندی و ڕەخنەیی لە ئاستی پراکتیکدا لەم تێکستە شیعریەدا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە.

-ئاستی واتا:

یەکێك لەو ئاستانەی شیکردنەوە کە لە توێژینەوەی ئەم شیعرەدا گرنگی پێدراوە، بریتییە لە ئاستی واتا. هەروەها یەکێکیش لەو ئاستانەی کە دوالیزمی شیعرەکەی تێدا ڕەنگیداوەتەوە ئەم ئاستەیە. توێژەریش هەوڵیداوە مەدلولی پشت هەردوو دوالیزمە دژیەکەکە ڕوونبکاتەوە. لەلایەك، ئاماژە بەوە دەکات کە دوالیزمی شیعرەکە لەسەر بنەمای (نووستن و بەئاگابوون) دامەزراوە و مەبەستیش زاڵکردنی گرنگی بەئاگابوونەکەیە بەسەر نووستن و نابیداریدا (حسێن، 2007، 145). توێژەری نامە لەمیانی شیعرییەتەوە هەوڵی شۆڕبوونەوەی بۆ نێو مەغزا و مەبەستی شیعرەکە داوە، بەتایبەتیش لە ئاستی (لادانی واتایی)دا، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە لادانی واتایی بکات. هەموو دوالیزمە بەشەکییە پێکهێنەرەکانی ئەم شیعرە هەر لە ئاستی وشەوە تا ڕستە و وێنە و پێکهاتە بۆ

دابەشکردنی جەستەی شیعرەکەیە بەسەر دوو بەشدا و پێدانی دوو ئەرکی جیاوازە بە ئەندامەکانی جەستە، کە لەمەشدا فرە ئەرکی و فرە مەودا و فرە دەلالەت دێتەکایەوە. لەلایەکی تریشەوە شیعرییەت لەسەر ئاستی واتادا ڕوویداوە، ئەویش بەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە شیعرەدا جگە لە شوناس و ئەرکی بنەڕەتی خۆیان، شوناس و ئەرکی تریان پێدراوە. توێژەر لەمیانی لادانی لە ئاستی واتادا، شیعریەتی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی لەم شیعرەدا ڕوونکردۆتەوە و پێوەندی نێوانیانی دیاریکردووە و باسی ئەوەی کردووە کە چۆن شاعیر شوناس و ئەرکی هەریەکە لە (چاو و گوێ و لوت و دەست و قاچ)ی گۆڕیووە و ناسنامە و ئەرکی تری پێداون، لە هەردوو دوالیزمە دژیەکەکەدا (حسێن، 2007، 145-147)، شیکردنەوەی و لێکدانەوەی توێژەر بۆ شیعرەکە ئەوەیە کە شاعیر زیاتر جەختی لەسەر شوناس و ئەرکە نوێیەکانی ئەم ئەندامانەی جەستە کردۆتەوە و مەبەستیشی بونیادی بەئاگابوونە نەك بونیادی نووستن لەنێو شیعرەکەدا.

**-ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1-توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە یەك میتۆدی رەخنەیی بەستووە، کە ئەویش بریتییە لە میتۆدی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی. ئەگەرچی لە هیچ شوێنێکی دکتۆرانامەکەیدا ئاماژەی بەم میتۆدە رەخنەییە نەداوە، بەڵام لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە توێژەر پشتی بە زاراوە و چەمك و میکانیزم و هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئەم میتۆدە بەستووە.

2-توێژەر کاتێك پێڕەوی ئەم میتۆدە رەخنەییەی کردووە، ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئایا پێڕەوی کام تیۆر و ئاراستە و بۆچوونی کام ڕابەر و رەخنەگری ئەم میتۆدەی کردووە، بۆیە دەبینین پرۆسەی رەخنەیی لەم دکتۆرانامەیەدا لەنێو چوارچێوە گشتییەکەی رەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمیدا دەخولێتەوە و پرەنسیپ و بنەمانی ئەم میتۆدە رەخنەییە فۆرمخوازییەی بەسەر شیعرەکاندا پراکتیزەکردووە و شیکردنەوەی زمانی بەسەریدا زاڵە، ئەگەرچی زۆرێك لە هەنگاو و بۆچوونەکانی بۆنی بۆچوونەکانی (سۆسور و جاکۆبسون)یان لێدێت.

3-لە ئاستە پراکتیکییەکەی ئەم نامەیەدا و ئەوەی پێوەندی بە شیکردنەوەی تێکستە شیعرییەکانەوە هەیە، توێژەر لە شیکردنەوەیاندا پشتی بە میکانیزمەکانی شیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی تێکست کردووە، یان ئەوەی لەنێو ئەم میتۆدەدا باوە و بە شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان ناسراوە. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە کە لەسەر شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان لە بچووکترین ئاستەوە بۆ گەورەترین ئاست دامەزراوە، گونجاو و شیاوە بۆ ژانری شیعری و لای رەخنەگرانی عەرەب و بەشێکی رەخنەگرانی کورد باوە و بەکارهاتووە، توێژەریش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم تەوژمە لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا.

4-توێژەر لەکاتێکدا پشتی بە شیکردنەوەی ئاستە زمانییەکانی تێکستە شیعرییەکان بەستووە، کەچی بایەخی بە هەموو ئاستەکان نەداوە و زۆربەی جار ئاستێك یان دوو ئاستی بە زەقی و پشانداوە و لە بریتی ئەمەشدا ئاستەکانی تری یان زۆر بە سادەیی باسکردووە، یان فەرامۆشیکردوون. ئەمەش لە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی رەخنەیەکی وەك بونیادگەری فۆرمالیزمی یەکناگرێتەوە، چونکە ئەم رەخنەیە کار لەنێو هەموو ئاستەکانی شیکردنەوەی تێکستدا دەکات و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان و پێوەندییە ناوخۆییەکانیان شیدەکاتەوە.

5-توێژەر لە بواری پراکتیزەکردنی ئەم میتۆدە بەسەر شیعرەکاندا لەسەر ڕێچکەی رەخنەگرانی عەرەب و کورد ڕۆشتووە و سەرەتا بونیادی گشتی شیعرەکەی دیاریکردووە، ئینجا هاتووە ئەو بونیادە بەشەکییانەی بونیادە گشتییەکەی شیعرەکەیان پێکهێناوە دیاریکردووە و لەسەر ئاستی ئاستە جیاوازەکانی شیکردنەوەی تێکستی شیعری و زمانی بونیادەکان و پێوەندی نێوانیانی شیکردۆتەوە.

6-توێژەر سوودی لە سەرچاوەی جۆراوجۆری سەر بە بواری جۆراوجۆر بینیووە، وەك (فەلسەفی، زمانەوانی، فەرهەنگی، رەخنە و میتۆدە رەخنەییەکان، تیۆری ئەدەبی، فیکری، رەخنەی رەخنە، ... هتد)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرچاوە بەکارهاتووەکانی نێو ئەم نامەیە، هەمووی پێوەندی بە بونیادگەری فۆرمالیزمییەوە نییە، هەروەها سەرچاوەی ڕابەر و رەخنەگرانی سەر بەم میتۆدەی زۆر بە کەمی و لە شوێن و بابەتی ناپێویستی نامەکەدا بەکارهێناوە، کە ژمارەی سەرچاوەکان و ڕێژەی بەکارهێنانیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕناکات، کە ئەمەش جۆرێکە لەو هەڵانەی توێژەران لەمیانی پراکتیزەکردنی مێتۆدێکی رەخنەییدا تێیدەکەون. هەروەها هەندێك سەرچاوە هەیە کە توێژەر لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێداوە، کەچی لە مەتنی نامەکەیدا بەکارینەهێناوە. هەندێك سەرچاوەش تەنیا لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ کردووە و بۆ ڕوونکردنەوەی زانیاری بەکاریهێناوە، ئەگینا لە لیستی سەرچاوەکاندا بوونیان نییە.

7-لە دوو شوێنی نامەکەدا (ئەگەر بە کورتی و سادەییش بێ) توێژەر پەنای بۆ خوێندنەوەی دەرەکی شیعرەکان بردووە و هەوڵیداوە کە لە چوارچێوە و سیاقی دەرەوەی شیعرەکانەوە واتای شیعرەکات ڕاڤەبکات، لەکاتێکدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمیدا هیچ بەها و نرخێکی نییە و گرنگی پێنادرێ، بگرە ئەم میتۆدە تێکستی ئەدەبی لەم جۆرە خوێندنەوانە دوورخستەوە.

8-هۆشیاری مەعریفی و ڕۆشنبیری توێژەر لەبارەی زمانەوانی و زانستەکانی و بەشەکانی ئاخاوتنی زمانەوە، بەتایبەت لە بەشە پراکتیکییەکەیدا هەندێکجار لاوازە و توێژەر بە وردی لە شیکردنەوەی زمانی بۆ ڕستە شیعرییەکان سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش لەبەرئەوەی بە وردی و قوڵی نەچۆتە نێو زانیارییەکانەوە تا سوودیان لێببینێ و بەکاریانبێنێ. یەکێك لە سەرچاوەکانی بونیادگەری فۆرمالیزمی زمانەوانییە، بۆیە هەر کەسێك ئەم میتۆدە بۆ توێژینەوەی تێکستی ئەدەبی بەکاربێنێت، دەبێت شارەزاییەکی باشی لە زمانەوانیدا هەبێت.

9-توێژەر تەنیا ئەو تێکستە شیعرییانەی بۆ توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی میتۆدە ڕەخنەییە پەیڕەوکراوەکەی نێو توێژینەوەکەیدا دەگونجێت.

10-ئەم توێژینەوەیە بە دوو ئاراستەی جیاواز کاریکردووە، خۆی مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ناساندنی ڕەخنەی بونیادگەری لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا، کە ئەمەش دەکەوێتە نێو بواری ڕەخنەی ڕەخنەوە، بەڵام جگە لە چەند توێژینەوەیەك هیچی تری بە نموونە وەرنەگرتووە و بە قوڵی و فراوانی نەچۆتە نێو بابەتەکەوە. کەچی مەودایەکی فراوانی بۆ پراکتیزەکردنی ڕەخنەی بونیادگەری فۆرمالیزمی بەسەر تێکستی شیعریدا ئامادەکردووە.

11-لەڕووی ڕێکخستن و ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەو تەوەر و بابەتانەی پێوەندی بە میتۆدی توێژینەوەکەیەوە هەیە، توێژەر لە چەندین شوێنی نامەکەیدا کەوتۆتە هەڵە و دژیەکییەوە و هەندێکجار سەرکەوتوو نەبووە لە چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزکردنی تەوەرەکان بە جۆرێك کە پێوەندییەکی لۆژیکی و میتۆدبەندی لەنێوانیاندا هەبێت. ئەمە جگە لەوەی هەندێك تەوەر لەم نامەیەدا بوونیان زیادەیە و تەوەری گرنگتر هەبوون کە توێژەر فەرامۆشیکردوون، یان بە تێکەڵی لەپاڵ تەوەر و بابەتی تر باسیکردوون و حەقی خۆیانی پێنەداون.

## لیستی سەرچاوەکان:


**بە زمانی کوردی:**

•کتێب:

1-ڕەشید، د. فوئاد (2018) میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. چ 1. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

•نامەی ئەکادیمیی (زانکۆیی):

2-امین، کارزان کریم (2009) ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی. نامەی ماستەر. زانکۆی سەڵاحەدین.

3-حسێن، عەلی تاهیر (2007) ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن. نامەی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

4-قادر، ڕێبین خلیل (2009) میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەڵاحەدین.

**•گۆڤاری ئەکادیمی:**

5-قادر، ڕێبین خلیل (2018) تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنە و ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. 15، ل. 375-404.

**-بە زمانی عەرەبی:**

•کتب:

6-الدغمومي، د. محمد (1999) نقد النقد و تنظير النقد العربي المعاصر. ط1. البيضاء: مطبعة النجاح الجديدة.

7-الزبيدي، د. مرشد (1999) اتجاهات نقد الشعر العربي في العراق. دمشق: منشورات اتحاد الكتاب العرب.

8-الطاهر، د. على جواد (1983) مقدمة فى النقد الادبي. ط2. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

•رسائل جامعية

9-بسو، حمزة (2019) اشكالية المنهج فى النقد الجزائري المعاصر. رسالة دكتوراه. جامعة محمد لمين دباغين.

**•مجلة اكاديمية:**

10-سعدون، د. فاطمه (2016) المناهج النقدية اشكالية التطبيق والوعى بالاصول، مجلة ص. 69-79

11-هيمه، د. عبدالحميد (2012) الخطاب النقدي بين النقل والتأصيل، مجلة مقاليد. 2، ص.

**-بە زمانی فەرەنسی:**

12-Carloni, J.C. .Filloux, C. (1966) La critique litteraire Paris: presses universitaires de france, boulevard saint germain.

13-Heneequin, Emile (1888) La Critique Scientique. Paris: Librairieacademique Didier

**ملامح النقد العلمي فى إطار حضور منهج نقدي واحد**
**رسالة دكتوراه (النقد البنيوي من النظرية الى الممارسة) كمثال**

**ريبين خليل قادر** **سردار احمد حسن كردى**
كلية التربية/ قسم اللغة الكوردية/ جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**
النقد العلمي هو النقد الذي يعتمد على الاليات و الفرضية و المنهج العلمي بحيث يتم استخدامهم من اجل دراسة و تحليل و تفسير النص الادبي. وبناءا على هذا الاساس ظهرت عدة مناهج نقدية وسط النقد الادبى، ولهذا احدى اهم الخصائص النقد العلمي هي التأكيد على مسألة المنهجية فى البحث و استخدام منهج النقد فى البحث، ويساهم هذه المحاولة في استدراج البحث العلمي نحو العلمية و الموضوعية. هذا البحث هو محاولة لتوضيح و بحث ملامح و مظاهر النقد العلمي و خاصة على مستوى استخدام منهج واحد للنقدضمن نطاق (نقد النقد). يتكون هذا البحث من مقدمة و جزئين رئيسين، و في الختام تم عرض النتائج و قائمة المصادر.

**الكلمات المفاتيح**: النقد العلمي، المنهجية، المناهج النقدية، نقد النقد، البنيوية الشكلية.

**Features of scientific criticism within the framework of the presence of a single critical approach**
**PhD thesis (Structural criticism from theory to practice) as an example**

**Rebeen Khaleel Qader** **Sardar Ahmad Hasan Gardi**
College of Education/ Kurdish departmentsalahaddin university-Erbil

**Abstract**
Scientific criticism is the criticism that relies on the mechanism, hypothesis, and scientific method used to study, analyze, and interpret literary texts. One of the most important characteristics of scientific criticism is putting the emphasis on methodological research and the use of critical research. An attempt has been made to put this research forward towards academic and objectivity. This paper is an attempt to clarify the features and manifestations of scientific criticism, especially at a level where a single approach to criticism is used within the scope of critique. This paper consists of an introduction and two main parts, and finally the results and list of sources are presented.

**Key words**: Scientific Criticism, Method, Criticism Methods, the Criticism of Criticism, formalist structuralism.